ژوری توێژینەوەی سیاسی

بزوتنەوەی گۆڕان

# سوڵتان و قەیسەر

## لەنێوان ناکۆکی سیاسی و بەرژەوەندی ئابوریدا



ئا: گەیلان عەباس

ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان

Tel: 009647481505010

Email: research.gorran@gmail.com

2015کانونی یەکەمی

**سوڵتان و قەیسەر**

**لەنێوان ناکۆکی سیاسی و بەرژەوەندی ئابوریدا**

**ئا: گەیلان عەباس**

## پێڕست


سەرەتا ........ 2

مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان روسیاو تورکیا ........ 4

لەدیارترین ناکۆکییە سیاسیەکانی نێوان روسیاو تورکیا ........ 8

یەکەم: هاوپەیمانی و جیاوازی بەرەی نێودەوڵەتی ........ 8

دووەم: ناکۆکی لەسەر هاریکاری نەیارە ناوخۆ و دەرەکیەکان لە لایەن هەردو وڵاتەوە ........ 10

روداوی خستنە خوارەوەی فرۆکە روسیەکە لە سوریا ........ 11

هەڵوێستی هەردو دەوڵەت لەبارەی روداوی کەوتنە خوارەوەی فرۆکە سوخۆکە ........ 14

گومان و هۆکاری خستنە خوارەوەی فرۆکە روسیەکە ........ 15

یەکەم: هۆکارە ناراستەوخۆکان ........ 16

دووەم: هۆکارە ڕاستەوخۆکان ........ 18

پەیوەندی ئابوری نێوان روسیا و تورکیا ........ 21

هەنگاوە پێشوەختەکانی روسیا دژ بە تورکیا ........ 26

زیانەکانی بڕینی پەیوەندی ئابوری تورکیا و روسیا ........ 31

زیانەکانی بڕینی پەیوەندی ئابوری بۆ سەر تورکیا ........ 32

زیانەکانی بڕینی پەیوەندی ئابوری بۆ سەر روسیا ........ 32

هەوڵە دبلۆماسیەکان بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە ........ 34

ئەگەر و سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکان ........ 36

کورد لەنێو ململانێ و جەمسەرگیری هێزەکاندا ........ 42

ئە نجام ........ 44

سەرچاوەکان ........ 47

## سەرەتا

کێشە و ململانێی ڕوسیا و تورکیا، ناوچەکە و جیهانی خستوەتە قۆناغێکی نوێوە. ئایا ئەم ململانێیە بەشێکە لە مێژوی ناکۆکی نێوانی ئەم دو وڵاتە، یاخود ڕوداوێکی نوێیەو زو تێدەپەڕێ؟ مەیلی هەژمونگەری چەند ڕۆڵی هەیە لەم ئاڵۆزییانەدا؟ ئایا تورکیا شەڕی بە وەکالەتی پەیمانی ناتۆ و ئەمریکا و ئەوروپا دەکات، یاخود ئەمە تەنها شەڕی بەرژەوەندی خۆیەتی؟ ڕۆڵی هەردو سەرۆکی دەسەڵاتخواز (پوتین و ئەردۆگان) چ پێگەیەکی هەیە لە توندبونەوەی پەیوەندییەکاندا ...؟

تورکیا و ڕوسیا لە زۆر ڕووەوە خاڵی هاوبەشیان هەیە. دەشێ مێژوی قەڵەمڕەوی ئەم دو وڵاتە لە ڕابردووی نزیك و دووردا و لە دەست چونی برێکی زۆری ئەم سەروەریە مێژوییە و لاوازبونی پێگەی هەردوکیان لەسەر هەردو ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی خاڵی هاوبەشی نێوانیان بێت. لە ڕوی شوێنگەی جوگراف و ژمارەی دانیشتوانەوە، دوبارە ئەم دوو وڵاتە خاوەن پێگەیەکی گەورە و بەهێزن. هاوکات ناکرێ ڕۆڵ و کاریگەریی هەردوو دەسەڵاتە هەژمونگەرا و دەسەڵاتخوازەکەی (ئەردۆگان و پۆتین) لە یاد بکەین. ئەم دوو کەسایەتیە لە گوتار و کرداردا، دوو سیستمی هاوشێوەن لە سەپاندنی دەسەڵاتی تاکەکەسی لە ناوخۆدا و پەلهاویشتن لەسەر هەردو ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی. سەرکوتکردنە ناوخۆییەکان و بەکارهێنانی دەسەڵاتی تاکەکەسی هەردوکیان لە ئاستی ناوخۆدا، هاوکات لەپیادەکردنی تیۆرەکەی داود ئۆغلۆ (ستراتیژی قوڵ) و هەوڵی هەبونی هاوسەنگی هێز لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی لە لایەن ڕوسیاوە، باشترین بەڵگەی ئەم گوتانەی سەرەوەیە.

بەکارهێنانی هەردو زاراوەی سوڵتان و قەیسەر، بە مانای خەونی گەڕانەوەی سەروەری ئیمپراتۆریەت و خەلافەت لای کەسی یەکەمی هەردوو دەوڵەتەکە، ئەم خاڵەش ڕۆڵێکی زۆر سەرەکی دەبینێت لە ململانێ نوێیەکەی نێوان روسیاو تورکیادا. بە واتایەکی تر، ئایا ئەگەر ئەم دو کەسایەتیە لە دەسەڵاتدا نەبونایە، ناکۆکیەکانی ئەم دو وڵاتە دەگەشتە ئەم ئاستە؟

ئەم دو سەرکردەیە، سەرەڕای جیاوازییەکانیان بەڵام لە زۆر ڕووەوە لەیەك دەچن و خاڵی هاوبەشیان لەنێواندا هەیە. هەردوکیان مەیل و ئارەزوی ممارەسەکردنی دەسەڵاتی فەردیان هەیە، هەردوکیان دو سەرکردەی نەتەوەیین و دەیانەوێت ببنە پاڵەوانی نیشتمانی، ئەردۆگان و پوتین لە درێژکردنەوە و بەردەوامی خولی سەرۆکایەتی و تەمەنی سیاسیان، پێشێلی یاسا دەکەن و ڕێز لە دامەزراوەکان ناگرن. هەردوکیان باوەڕیان بە تیۆری پلانگێڕی هەیە، هاوکات هەردوکیان سەردەمێك ممارەسەی پۆستی سەرۆك وەزیرانی وڵاتەکانیان کردوە.

هەردو سەرۆك هەوڵی سەركوتكردنی نەیارە سیاسیەكانیان دەدەن لە ناوخۆدا و دژی میدیای ڕەخنەگرن و خۆشیان بە دیموكرات و لیبراڵ نیشاندەدەن.

لە زانستی سیاسیدا سولْتانیزم فۆرمێكی حكومڕانی دەسەلآتخوازە، بەوە دەناسرێتەوە كە دەسەلآتی فراوانی سولْتان، خێزانەكەی یان بنەماڵەكەی لە هەموو جومگەكانی حكومڕانیدا ئامادەیە. ئەم زاراوەیە لە كولتوور و فەرهەنگی ئیسلامیەوە وەرگیراوە، جیاوازە لە زاراوەی خەلیفە، لەبەرئەوەی سولْتان زیاتر چەمكێكی نادینی و پاشایەتیە و دەسەلآت تیایدا تا ڕادەیەكی زۆر كەسییە. جەوهەری ڕژێمی سولْتانیزم ئەوەیە كە هەموو تاكەكان و گروپەكان و دامەزراوەكان بە هەمیشەیی لەبەردەم دەستێوەردانی ناچاوەڕوانكراوی دەسەلآتی ستەمكارانەی سولْتاندایە. سولْتانیی یان سولْتانیزم، بەمانای كۆكردنەوەی هەمو یان زۆربەی دەسەلآتەكان لە لای سولْتانێكی سیاسی و لای خێزان و بنەماڵەكەی، یاخود لەلای دەستەبژێرێكی نزیك و پابەست و بەوەفا بۆ كەسی سولْتان خۆی. هاوكات، ملكەچبونی دەزگاكان و دامەزراوەكان بۆ خواست و بەرژەوەندی بنەماڵەی سولْتان و دەستەبژێرە باڵادەستە بەوەفاكەی سولْتان. لەئێستادا (ڕەجیب تەیب ئەردۆگان) تاڕادەیەكی زۆر مومارەسەی ئەم شێوازە لە دەسەلآتە دەكات یاخود هەوڵ بۆ تەكامولكردن و تەواوكردنی دەدات.

لەلایەكی دیكەوە واتاو ناوەڕۆكی قەیسەر لە سولْتانەوە زۆر نزیكە، قەیسەر لە كەنیسەی كۆنی سلۆڤانی بەكارهاتوە، پاشتر بۆ وەسفكردنی جۆرێك لە سیستمی سیاسی بەكارهاتوە، لەوانە پادشاكانی (سلاڤۆنیك) و دواتر ئیمپراتۆریەتیەكانی سەدەی ناوەڕاست و ڕۆمانیەكان. پاشتر لە ئیمپراتۆریەتی ڕوسی بەكارهاتوە و بە مانای ئیمپراتۆر لە ئاسیا و هەندێ ناوچەی تری جیهان بەكارهاتوە. قەیسەر بەمانای سەركردەی باڵا یاخود پادشا. ئەم پۆستەش بە واتای مومارەسەكردنی دەسەلآت لە سەرو هەمو یاساو دەستور و دامەزراوەیەكەوە. لە ئێستادا (ڤلادیمێر پوتین)، هەوڵ دەدات بۆ گێڕانەوەی ئەم فۆڕمە لە دەسەلآت بۆ وڵآتی ڕوسیا.

لەم بابەتەدا هەوڵدەدەین وەڵآمی هەندێك پرسی گرنگ بدەینەوە، تایبەت بە ناكۆكیە نوێیەكانی نێوان ڕوسیاو توركیا، هاوكات باس لە ڕەهەندە مێژوی و هەنوكەییەكانی ئەم جەنگە نوێیەی هەردو وڵآت دەكەین، لە كۆتایشدا دەرفەت و گرفتەكانی دەستێوەردانی ڕوسیا و ڕۆڵی جەمسەرگیری هێزەكان لە ناوچەكە بۆ كورد، لەگەڵ هەندێ دەرەنجام دەخەینەڕوو.

**د. محەمەد عەلی**
**ڕێكخەری ژوری توێژینەوەی سیاسی**

## مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان روسیاو تورکیا

روسیا بە بەراورد بە مێژووی فراوانخوازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەوڵەتێکی نوێیە، مێژوی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی 1298 لەناوچەی ئەنادۆڵ دەست پێدەکات تا کۆتاییەکانی سەدەدەی حەڤدە بە ردەوام بوو، بەڵام بنچینەی دەوڵەتی روسی دەگەڕێتەوە بۆ (دۆقیەی مۆسکۆ) لە ساڵانی 1258–1527، کە بەردەوام لە ژێر باڵادەستی تەتەرەکاندا بووە، بەڵام پاش لاوازبونی تەتەرەکان لەسەدەدەی پازدەدا، دەوڵەتی قەیسەری لە ساڵی 1527 لەسەردەستی (ئیڤانی چوارەم) دروست بوو، دواتر پاش قەیران و ئاڵۆزییە ناوخۆییەکانی روسیا (مایکل رۆڤانۆڤ) هەڵبژێردرا بە قەیسەری نوێی روسیا لە ساڵی 1613دا، لێرەوە مێژووی قەیسەری روسیا بەتەواوی دەستی پێکرد، بەڵام لەسەر دەستی (پیتەری گەورە :1627–1725) روسیا لە قەیسەرییەوە بوو بە ئیمپراتۆریەت، ئەمەش بەهۆی ئەو باڵادەستی و فراوانخوازییەی کە روسیا لەم سەردەمەدا بەدەستی هێنا، یەکەم پێکدادانی نێوان روسیاو تورکیاش لەسەردەمی پیتەری گەورەدا رویدا.

بەم شێوەیە مێژوی ئیمپراتۆریەتی قەیسەری روسیا دەستیپێکرد و بەردەوام بوو تاوەکو روخاندنی، لەساڵی 1917 بەهۆی شۆرشی ئۆکتۆبەرەوە.

پەیوەندی نێوان تورکیاو روسیا پەیوەندیەکی قوڵەو ریشەیەکی مێژوی دورودرێژی هەیە، سەرەتای پەیوەندییەکانی نێوان هەردو دەوڵەت بۆ نزیکەی پێنج سەددە لەمەو بەر دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی کە حاکمی روسیا (ئیڤانی سێهەم) لەساڵی 1492 نامەیەکی نارد بۆ سوڵتانی عوسمانی (بایەزیدی دووەم)، لەبارەی دروستکردنی پەیوەندی بازرگانی دەریایی لەنێوان هەردو ئیمپراتۆریەتەکەدا.

لەمێژودا پەیوەندییەکانی نێوان روسیاو تورکیا بەقۆناغی جیاجیادا تێپەریوە، دەستپێکی پەیوەندییەکانی نێوان هەردو دەوڵەت پەیوەندیەك بوو لەسەر بنەمای دوژمنداری هاتبوە ئاراوە، نەك لەسەر بنەمای پەیوەندیەکی ئاشتی لەنێوان دوو دەوڵەت کە سنوری هاوبەشیان لەنێواندا هەبوو . لەبەر ئەم هۆکارە بەدرێژای پێنج سەددە ناو بەناو لەنێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ڕوسیدا پێکدادان و جەنگی جیاواز رویانداوە.

بۆ نمونە، لەگەڵ دەرکەوتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەدیاریکراویش لە سەددەی پازدە تاوەکو کۆتای سەددەی حەڤدە پارسەنگی هێز لە نێوان ئەم دو وڵاتە لەبەرژەوەندی تورکیای عوسمانیدا بوو، بەڵام دواتر هاوکێشەکە پێچەوانەوە بۆیەوە و تەرازوی هێز لەبەرژەوەندی روسیا شکایەوە، سەرەتای ئەمەش بۆ دەستپێکی

سەددەی هەژدە دەگەرێتەوە کاتێك روسیا توانی لەرێگای چەند جەنگێکی یەك لەدوای یەکەوە دەست بگرێت بەسەر چەند ناوەندێکی گرنگی ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لە ناوچەی (قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست). ئەمەش دەستپێکی قۆناغی لاوازبونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو.

لە ساڵی 1568ەوە تا ساڵی 1917 نزیکەی 17 جەنگ لەنێوان تورك و روسەکاندا رویداوە. دیارترین جەنگەکانی نێوان ئیمپراتۆریەتی روسیا و عوسمانی لەسەدەی شازدەوە تا کۆتای سەددەی 19 بریتین لە:

(جەنگی ئەستراهان لەساڵی 1568 ـ 1570، جەنگی 1571–1574، جەنگی مۆسکۆف 1676–1681، جەنگی 1686–1700، جەنگی برۆد 1710–1711، جەنگی نەمسا 1735–1739، جەنگی 1768– 1774، جەنگی 1787–1791، جەنگی 1806–1812، جەنگی 1828–1829، جەنگی قرم 1853– 1856، جەنگی 1877– 1878 ...). لەزۆرینەی ئەم جەنگانەدا روسەکان براوە بون، وەك چۆن لە حاڵەتی رێکەوتنیشیاندا زۆر جار روسەکان سودمەندتر بون لە تورکەکان.

بۆنمونە، یەکێك لەدیارترین ئەو ئیمتیازاتانە روسیا کە لە رێگەی رێکەوتن و دانوستان لە بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی بەدەستیهێنا، لە ئەنجامی رێکەوتنامەی (کیتشۆك کاینارجی) لە ساڵی 1774 دا بوو، بە پێی ئەو رێککەوتنامەیە، رێگا بە کەشتیە بازرگانیەکانی روسیای قەیسەر درا کە دەریاکانی ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەکاربهێنن. سەرەرای کۆی ئەو کێشانەی نێوان هەردو ئیمپراتۆریەت، بەلاّم پەیوەندی سیاسی نێوانیان پشتگوێ نەخرابوو، بۆ نمونە، لەساڵی 1701 نوێنەرایەتی هەمیشەی روسیا لە قوستەنتینیەدا کرایەوە.

لەگەڵ کۆتای هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، گۆرانکاری ریشەیی لەسەر ئاستی سیستمی دەسەلاّتی هەردو دەوڵەت رویدا، ئیمپراتۆریەتی روسیای قەیسەری لەرێگەی شۆرشی ئۆکتۆبەر لەساڵی 1917 روخێندراو و کۆماری یەکێتی سۆڤیەت بە رابەرایەتی (ڤلادیمێر لینین) راگەیەندرا، لە لایەکی دیکەشەوە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی روخێندراو کۆماری تورکیا بە سەرکردایەتی (مستەفا کەمال ئەتاتورك) جێگەی گرتەوە. پەیوەندی نێوان هەردو کۆمارە نوێیەکە بۆ ماوەیەك ئاسایی بوویەوە، لە 3 ئایاری 1920 دا، پەیوەندی دیبلۆماسی لەنێوانیان دەستیپێکردەوە، ئەم پەیوەندییە بەجۆرێك بوو کە تەنانەت حکومەتی سۆڤیەت پشتیوانی سەربازی و ماددی پێشکەش بە کۆمارە نێویەکەی (مستەفا کەمال ئەتاتوك) کرد.

بەلاّم کە (ستالین) دەسەلاّـی گرتە دەست، سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەتی بەرامبەر کۆی ولاّتانی جیهان گۆڕا، لە ساڵی 1936 پەیماننامەی (مۆنترۆ) لە نێوان 12 دەوڵەتدا مۆرکرا، هەریەك لە (تورکیا و سۆڤیەت)یش

بەشداریان تێیدا کرد، لەم ڕێککەوتنامەیەدا بڕیاردرا کە هەردو گەروی (دەردەنیل و بسفۆر) لە دەریای مەڕمەڕە بخرێنە ژێر دەستی تورکیاوە، ئەمەش سەرەتای دەستپێکردنەوەی ناکۆکی نێوان هەردو دەوڵەتەکە بوو، ناکۆکیەکان لە گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانیدا گەیشتنە لوتکە، بەتایبەت کاتێك حکومەتی سۆڤیەت تورکیای بە هاوکاری (ئەڵمانیای نازی) لە قەڵەمدا، هەرچەندە تورکیا بێلایەنی لەو جەنگە ڕاگەیاندبوو، بەڵام حکومەتی مۆسکۆ ڕایگەیاند ئەڵمانیا کەشتیە جەنگیەکانی لەرێی گەروی دەردەنیل و بسفۆرەوە تێپەڕ کردوە و تورکیا ئاسانکاری بۆ کردوە. بەم هۆیەش پاش جەنگەکە ستالین، ڕێکەوتنی ئاشتی نێوان سۆڤیەت و تورکیای هەڵوەشاندەوە، لێرەوە گوشارەکانی سۆڤیەت بۆ سەر تورکیا دەستیان پێکرد.

تورکیاش لەپێناو خۆپارێزی لەهەژمونی سۆشیالیزمی سۆڤیەتی، چەند هەنگاوێکی گرتەبەر، یەکەمجار بوو بە یەکێك لەو دەوڵەتانەی کە سود مەندبون لە پرۆژەی مارشاڵی ئەمریکی، دواتر لەساڵی 1950دا لەلایەن ئەمریکاوە هاوکاری سەربازی پێشکەشکرا، دواین هەنگاویشی لەم پێناوەدا خۆی بینیەوە لە پەیوەندیکردن بە هاوپەیمانی (باکوری ئەتڵەسی: ناتۆ) لەساڵی 1952دا، ئەمەش بەو واتایەی کە تورکیا بلۆکی ڕۆژئاوای بە ڕابەرایەتی ئەمریکا لەبەرامبەر یەکێتی سۆڤیەت و هاوپەیمانی وارسۆ هەڵبژارد. لێرەشەوە پەیوەندی نێوان تورکیاو سۆڤیەت ڕوی لە لاوازبون کرد و تاکۆتایی جەنگی سارد لەو ئاستەدا مایەوە.

بەڵام دوای ڕوخانی سۆڤیەت لەساڵی 1991، حکومەتی تورکیا بەفەرمی دانی نا بەسەروەری کۆماری نوێی ڕوسیای فیدراڵدا. لێرەوە پەیوەندی دیبلۆماسی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کلتوری لەنێوان هەردو وڵات دەستیان پێکردەوە.

بەدرێژای مێژوی پەیوەندیەکانیان لەساڵی 1920ەوە تا ئێستا زیاتر لە 60ڕێککەوتنامە لە بوارە جیاوازەکانی نێوانیان مۆرکراوە، دیارترینیان ( ڕێککەوتننامەی پێکهاتەی پەیوەندییەکان لە 25 ئایاری 1925 – ڕێککەوتننامەی نەخشە ڕێگای کار بۆ گەشەپێدانی هاریکاری نێوان ڕوسیاو تورکیا لە کیشوەری ئۆراسیا 16 نۆڤەمبەری 2001، ڕێککەوتننامەی هاریکاری سەربازی ساڵی 2002 – بەیانی هاوبەشی سیاسی لە بارەی قوڵکردنەوەی پەیوەندی دۆستایەتی و هاوبەشی بەردەوام لە 12/6/ 2006 ...).

هاتنە سەرحوکم و دەرکەوتنی پۆتین و پرۆژەکەی لەساڵی 2000 دا، دواتر هاتنە سەرحوکمی پارتی دادو گەشەپێدان و دەرکەوتنی ئەردۆگان لەساڵی 2002 دا، دەستپێکی سەرەتایەکی نوێ بوو لە پەیوەندییەکانی ڕوسیا و تورکیا. سەرەتای باش بونی هەندێك لە پەیوەندیەکانی ئەم قۆناغە دەگەڕێننەوە بۆ ئەو بڕیارەی کە لەپەرلەمانی تورکیا درا لە ساڵی 2003، تیایدا پەرلەمان بەزۆرینەی دەنگ ڕەتیکردەوە کە ڕێگا بدات بە

هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان بۆ بەکارهێنانی خاکی تورکیا بۆ هێرشکردنە سەر رژێمەکەی (سەدام حسێن). لەبەرئەوە روسیا وای لێکدایەوە کە تورکیا تارادەیەك لەروی سیاسەتی دەرەوە سەربەخۆی بەدەستهێنانەوە و بەبێ ئەوەی دوای سیاسەتی ئەمریکا بکەوێت دەتوانێ بریار بدات.

بەم جۆرە، لەگەڵ هاتنە سەرحوکمی ئەکەپە، ئاراستەی پەیوەندی و سیاسەتی دەرەوەی روسیا و تورکیا گۆرانکاری بەخۆیەوە بینی، بەتایبەت لەروی پەیوەندی ئابورییەوە، بەجۆرێك بەرەوپێشچونی پەیوەندییە ئابوریەکانیان هەندێکجار کاری کردۆتە سەر هەڵوێستی سیاسی لەنێوانیاندا، بۆ نمونە تورکیا لەسەر چەند پرسێکی دیاریکراو هەوڵیداوە دۆخی نێوەندگیری هەڵبژێرێ لە بەرامبەر روسیادا، وەك لەبابەتی (دەست تێوەردانی سەربازی روسیا لە بارودۆخی نێوخۆی جۆرجیا ساڵی 2008، هەروەها بەشداری نەکردنی تورکیا لە پرسی سزای ئابوری بۆ سەر روسیا پاش کێشەی نیوە دورگەی قرم (کریما) و ئۆکرانیا لەکۆتای ساڵی 2013)دا.

پەیوەندی ئابوری تورکیا و روسیا لەم قۆناغەدا گەیشتە ئاستێك کە سەرەتا لە ئۆکتۆبەری ساڵی 2004 دا (ئەنجومەنی هاریکاری روسی وتورکی) بەرهەمهێنا، ئەرکی ئەم ئەنجومەنە بریتی بوو لە دروستکردنی پەیوەندی بازرگانی لەنێوان کۆمپانیا و هەرێمە جیاوازەکانی روسیاو تورکیا، تا ساڵی 2015 ئەم ئەنجومەنە 5 کۆبونەوەی باڵای لەنێوان هەردوو دەوڵەت ئەنجامداوە.

سەرەتای بەهێزبونی ئەم پەیوەندییەش دەگەرێتەوە بۆ 19 ئەپرێلی 2005 کاتێك روسیا پەیوەندی کرد بە رێکخراوی بازرگانی جیهانی، رێککەوتنامەکەش لە ئەنقەرە ئیمزا کرا، ئەم گۆرانکارییە بەسەرەتای بەهێزبونی پەیوەندی ئابوری نێوان روسیاو تورکیا دادەنرێت. لەوکاتەوە تا ئێستا زۆرترین سەردانی دیبلۆماسی و ئابوری لەنێوان سەرکردایەتی هەردو وڵاتدا ئەنجامدراوە. بۆ نمونە تەنها لەماوەی 5 ساڵی رابردودا 10سەردانی دیبلۆماسی لەسەر ئاستی (سەرۆك کۆمار، سەرۆك وەزیران، وەزیرانی دەرەوەی هەردو وڵات) ئەنجامدراوە. گرنگترینیان ساڵی 2010دا بوو، کاتێك سەرۆك کۆماری ئەوکاتی روسیا (میدڤیدیڤ) سەردانی تورکیای کردو لەگەڵ سەرۆك کۆماری پێشوی تورکیا (عەبدوڵا گویل)، 17 رێککەوتنامەیان لە بوارەکانی (وزە ، کشتوکاڵ، گەشتیاری و پوچەڵکردنەوەی ڤیزەی سەردانی لەنێوان هاوڵاتیانی هەردوو وڵات، گرنتی گواستنەوەی نەوت لە دەریای رەش ...) ئیمزا کرد.

بەلاَم سەرەرای  بەردەوامی پەیوەندی ئابوری و دیبلۆماسی و سەردانی فەرمی وەفدی نێوان هەردو ولاَت، بەلاَم بەهۆی جیاوازی ئاینی و پرسی بەرژەوەندی، هاوکاتی ململانێی مێژوی نێوانیان، لە ساڵی 2011 ەوە دوبارە پەیوەندییەکانیان بە ئاراستیەکی دیکەدا ڕۆیشت، بەدیاریکراوی لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆرشی سوریا لەمانگی ئازاری 2011دا، روداوەکانی سوریاو لێکەوتەکانیان بونە هۆکار بۆ تۆخکردنەوەی جیاوازی بۆ چونە سیاسیەکانی نێوان هەردو ولاَت لەسەر ئاستی هەرێمی نێودەوڵەتی، جگە لە جیاوازیان لەبارەی شۆرشی سوریاوە، هەردو ولاَت لەسەر زۆر پرسی سیاسی دیکە بۆچونی دژ بەیەکیان هەبووە.

## لەدیارترین ناکۆکییە سیاسیەکانی نێوان روسیاو تورکیا

### یەکەم: هاوپەیمانی و جیاوازی بەرەی نێودەوڵەتی

روسیا(سۆڤیەت) و تورکیا دوای جەنگی جیهانی دووەم، لەدو بەرەی دژ بەیەکدا وەستانەوە، روسیا رابەرایەتی بلۆکی رۆژهەلاَتی بە ئایدۆلۆژیای سۆشیالیزمی دەکرد، تورکیاش لە بەرامبەردا ئەندامی بلۆکی رۆژئاوای سەرمایەداری بوو، سەرەرای روخانی یەکێتی سۆڤیەت لەساڵی 1991دا، بەلاَم پاشخانی ئەو دوو بەرەیە لەوکاتەوە تا ئێستا بەردەوام هۆکارێك بووە بۆ قوڵکردنەوەی کێشە سیاسیەکانی نێوانیان، بۆ نمونە تورکیا لەلایەن روسیاوە لە بەرەی رۆژئاوا و بەدۆستی ئەمریکا هەژمار دەکرێ، هاوکات تورکیا ئەندامی رێکخراوی (ناتۆ)یە. لە بەرامبەردا روسیا لەبەرەی بلۆکی ولاَتانی (بریکس)ە کە پێك هاتوە لە (چین و هیندستان و باشوری ئەفریقا و بەرازیل) لە خۆرهەلاَتی ناوەراستیش هاوپەیمانی(ئێران و ولاَتانی شیعەی خۆرهەلاَتە). بەردەوام ململانێی راستەوخۆ لەنێوان هەردو بەرەکەدا هەبووە، ئەمەش وایکردوە کە هەمیشە جیاوازی بۆچون و ڕای پێچەوانەیان لەسەر کێشەو قەیرانە نێوەوڵەتیی و هەرێمیەکانی هەبێت، وەك (کێشەی سوریا، کێشەی قرم (کریما)، کێشەی قوبرسی یۆنانی، کێشەی چیچان، کودەتاکەی میسر ساڵی 2013 دا  ....).

1.**کێشەی سوریا:** جیاوازی نێوان روسیاو تورکیا لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆرشی سوریا لە مانگی ئازاری ساڵی 2011 بەتەواوی دەرکەوت، سەبارەت بەچارەنووسی سوریاو سەرۆکەکەی، بەتایبەت کاتێك روسیا ئامادەیی نیشاندا بۆ پشتیوانیکردن لەمانەوەی رژێمەکەی بەشار ئەسەد. لە (ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان) روسیا 3 جار مافی ڤیتۆی بەکارهێنا، دژی بریاری بەکارهێنانی هێز لە بەرامبەر حکومەتەکە ئەسەد، لە لایەکی دیکەوە روسیا درێژەیدا بەناردنی هاوکاری سەربازی و ماددی بۆ حکومەتی دیمەشق، بەمەبەستی روبەروبونەوەی

هێزە ئۆپۆزسیۆن و تیرۆریستیەکانی سوریا. دواین هەڵوێستی روسیا خۆی بینیەوە لە دەستێوەردانی راستەوخۆ لە دۆخی سوریا بە بیانوی روبەروبونەوەی تیرۆر بۆ پاراستنی بەشار ئەسەد، هەمان کات روسیا جۆرێك لە هاوکاری ئاسمانی بۆ هێزەکانی (پەیەدە) دەستەبەرکردوە تاوەکو بتوانێ لە (ئەعزاز و جەرابلوس) هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و داعش لاوازبکات و (یەپەگە و یەپەژە) بتوانن کۆنترۆڵی ئەو ناوەندە ستراتیژیە بکەن و خەونی ناوچەی ئارامی تورکیاش لەگۆربنێن، دەکرێت ئەمەش سەرەتایەك بێت بۆ پێکەوە بەستنەوەی هەرسێ کانتۆنی (جزیرە و کۆبانی و عەفرین) .

لە بەرامبەردا، تورکیا هەر لەسەرەتای شۆرشەکەوە دژایەتی فەرمی خۆی بۆ رژێمەکەی بەشار ئەسەد دەربڕیوە و پشتیوانی و هاوکاری خۆشی بۆ هێزە نەیارەکانی حکومەتی سوریا دوپاتکردەوەتەوە. چونکە پێی وایە ئەوەی کە لەسوریا روودەدات، شۆڕشە لەپێناوی ئازادیدا. ئەمەو لەدواین پێشهاتدا تورکیا دەخوازێت، ناوچەی ئارام لەنێوان هەردو کانتۆنی (کۆبانی و عەفرین) دروست بکات، بۆ رێگەگرتن لە پێکەو بەستنی هەردو کانتۆنە کوردییەکەی باشوری رۆژئاوای کوردستان، لە لایەکی دیکەوە ئامانجی تورکیا پاراستنی ناوچە تورکمانەکان و ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریایە بەدیاریکراوی لە ناوچەکانی باکور و رۆژئاوای سوریا.

ئەم ناکۆکیە سیاسیەی نێوان تورکیا و روسیا لەسەر قەیرانەکانی سوریا لەماوەی 4 ساڵی رابردودا بەردەوام بووە، دواین گۆرانکاریش کە لەم بارەیەوە رویدا، لە روداوی خستنە خوارەوەی فرۆکە روسیەکە لەلایەن تورکیاوە لەسەر خاکی سوریا. ئەم روداوە بوو بەهۆی قوڵبونەوەی کێشە و ململانێ سیاسیەکانیان بە رادەیەك کە گەیشتە بەرپەرچدانەوەی سەربازی و یەکتر تۆمەتبارکردن بە تێوەگلان لە پرسی تیرۆر و هاوکاریکردنی رێکخراوە توندرەوەکانی ناو سوریا.

2.**کێشەی ئۆکرانیا**(**قرم - کریما**)**:** کێشە ناوخۆییەکانی ئۆکرانیا لەکۆتای ساڵی 2013دا تەقینەوە، بەهۆیەوە ئەو حکومەتە روخا کە روسیا پشتیوانی لێدەکرد، لەبەرئەوە روسیا لەرێگەی بەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە دەستی وەردایە ناو کێشە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە، هاوکات روسیا ئەمەی بە باشترین دەرفەت دانا بۆ بەدەستهێنانەوەی نیوە دورگەی قرم و بۆسەر کۆماری روسیا.

تورکیایە پێیوایە ئەوەی لەئۆکرانیا دەگوزەرێت دەستێوەردانێکی راستەوخۆی روسیایە لەکاروباری ناوخۆیی ئۆکرانیا، بەڵام روسیا بەپێچەوانەوە پێی وایە ئەوەی دەیکات ماف سروشتی خۆیەتی لەپێناو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی.

له بەرامبەردا، تورکیا دژایەتی خۆی بۆ هەڵویستەکانی حکومەتی روسیا دەربارەی پشتگیری لە حکومەتەکەی (ڤیکتۆر یانکۆڤیچ) راگەیاند، لەسەر دەست تێوەردانی سەربازی روسیاش نیگەرانی خۆی نیشانداو پاڵپشتی بۆ یەك پارچەی خاکی ئۆکرانیا دوپاتکردەوە، ئەمەش بەمەبەستی پاراستنی تورکە تەتەرەکانی نیوەدورگەی قرم و نەچونە ژێر سایەی حوکمی روسیا، ئەمە لەلایەك. لە لایەکی دیکەوە دەستگرتن بەسەر قرمدا، راستەوخۆ بەرژەوەندی هەرێمی تورکیای لە دەریای رەش دەخستە مەترسییەوە، بەڵام روسیا توانی کێشەی ناوخۆییەکانی ئۆکرانیا بقۆزێتەوە. ئەوەبوو لەرێگای راپرسی گشتیەوە دانیشتوانی نیوە دورگەی قرم، بریاریاندا بچنە ژێر سایەی حوکمڕانی روسیاوە.

شایەنی باسە بەشێك لەم کێشەیە پەیوەستە، بە ململانێ مێژویەکانی نێوان روسیاو تورکیا لەسەر نیوە دورگەی قرم، کە مێژووەکەی بۆ جەنگەکانی سەددەی 18 دەگەرێتەوە، کاتێك بۆ ماوەی 6 ساڵ جەنگێکی بەردەوام لەسەر نیوە دورگەی قرم رویدا. دورگەی قرم لەسەرەتادا موڵکی تورکیا بوو، دواتر لەرێگەی جەنگی قرمەوە لەدەستیدا، دواتر پاش ساڵی 1744 نیوەدورگەکە سەربەخۆی بەدەستهێنا، پاش روخانی سۆڤیەت ئەم دورگەیە بوو بە بەشێك لە خاکی ئۆکرانیا، دواجاریش روسیا لەساڵی 2014دا خستیەوە سەر کۆماری روسیا.

3.**کودەتاکەی میسر:** تورکیا دورخستنەوەی محمد مورسی لەساڵی 2013 لەلایەن سوپای میسرەوە بە کودەتای سەربازی وەسف کرد، داوای لە دەوڵەتان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش کرد سزای ئەنجامدەرانی کودەتاکەی میسر بدەن و شەرعیەت بۆ حوکمی مورسی بگێرنەوە، بەڵام روسیا پشتگیری لە کودەتاکەی میسرکرد، یەکێکیش بوو لەودەوڵەتانەی جیاواز لە تورکیا بە ئەمری واقیع مامەڵەی لەگەڵ روداوەکانی میسردا کرد و پەیوەندیەکانی لەگەڵ حکومەتی نوێی ئەو وڵاتە درێژە پێدا، هاوکات ئامادەی وڵاتەکەشی نیشاندا بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی نوێی ئەو وڵاتە بە رابەرایەتی (عەبدول فەتاح سیسی).

### دووەم: ناكۆكی لەسەر هاریكاری نەیارە ناوخۆ و دەرەكیەكان لە لایەن هەردو وڵاتەوە

1. زۆرجار تورکیا روسیا تۆمەتبار دەکات بە کارئاسانی و هاریکاری کردنی (پارتی کرێکارانی کوردستان)، بۆ نمونە پەکەکە لە روسیا چالاکی سیاسی ئەنجام دەدەن و حکومەتی ئەو وڵاتەش رێگای پێداون، تورکیاش لەو بارەیەوە بەردەوام نارەزایەتی خۆی بۆ حکومەتی ئەو وڵاتە دەردەبڕێ. وەك چۆن لە ئێستاشدا تورکیا نارازییە

به هاوكارى و لێك نزيك بونەوەى روسيا لەگەڵ (پارتى يەكێتى ديموكراتى–پەيەدە) ، كە پارتێكى كورديە لە سوريا.

2. روسيا بەردەوام نيگەرانى خۆى نيشانداوە بەرامبەر پشتيوانى كردنى توركيا لە ئيسلاميە توندڕەوەكانى چيچان دژ بە حكومەتى مۆسكۆ.

3. زۆرجار روسيا پشتيوانى حكومەتى قوبرسى يۆنانى دەكات دژ بە حكومەتى قوبرسى توركى، ئەوەش پەيوەندى بە هۆكار و بەرژەوەندى ئابورييەوە هەيە. هاوكات روسيا پێشەنگى ئەو دەوڵەتانە بوو كە پێشوازى كرد لە ئەندامبونى قوبرسى يۆنان لە رێكخراوى يەكێتى ئەوروپادا. وەك چۆن ساڵى 1997 گرێبەستى فرۆشتنى چەك لەنێوان روسياو قوبرسدا ئيمزاكرا، توركياش ئەم هەنگاوەى بە مەترسى بۆسەر ئاسايشى نەتەوەى وڵاتەكەى لەقەڵەمداو نيگەرانى خۆى بۆ كۆمەڵگاى نێودەوڵەتى لەوبارەيەوە راگەياند.

4. كێشەى ديكە لەنێوان روسياو توركيا لەسەر ناوچەى (بەڵقان و قەوقاز) بونى هەيە، لەوانەش كێشەى (كۆسۆڤۆ، كێشەى جۆرجيا و ئازەربايجان...)ە، روسيا بەردەوام نيگەران بووە بە ناردنى يارمەتى سەربازى توركيا بۆ ئەو دو وڵاتە، كێشەى نێوان توركياو ئەرمينيا و پشتيوانى روسيا بۆ ئەرمينيا، لەم چوارچێوەيەشدا ئەنجومەنى نوێنەرانى روسيا (دۆما) ياسايەكى دەركرد تيايدا عوسمانيەكان تۆمەتباردەكات بە كۆمەڵكوژى دژ بە ئەرمەنەكان و دان دەنێت بەو كۆمەڵكوژيەى كە لەدژيان ئەنجامدراوە ....).

## روداوى خستنە خوارەوەى فرۆكە روسيەكە لە سوريا

رۆژى سێ شەممە رێكەوتى 2015/11/24 فرۆكەيەكى روسى لە جۆرى (سوخۆ 24) لە ناوچەى (بايەر بوجاق) لەسەر چياى توركمان لە باكورى رۆژئاواى سوريا بەدورى 30 كم لە چياى يايلاداغى توركيا، لە لايەن دوو فرۆكەى توركى لە جۆرى (ئێف 16) خرايە خوارەوە.

خستنە خوارەوەى فرۆكە روسيەكە دەنگدانەوەى گەورەى لەسەر ئاستى نێودەوڵەتى و ناوخۆى هەردو وڵات بەدواى خۆيدا هێنا، توركيا پاساوى خۆى هەبوو بۆ خستنە خوارەوەى فرۆكەكە، حكومەتى توركيا وردەكارى روداوەكەيان لەرێگەى مانگى دەستكردەوە بڵاوكردەوە و رايانگەياند" فرۆكەكان 2 فرۆكە بون، لە دواى يەك نزيكەى 7.1 ميل لە يەكتر دوربون. هاوكات نازانراوە سەر بە كام وڵاتن لەماوەى 5 دەقيقەدا 10 جار ئاگاداركراوەتەوە بۆ گۆرينى ئاراستەيان، يەكێكيان وەڵامى 10 ئاگاداركردنەوەكەى داوەتەوە و ئاسمانى توركياى بەجێهێشتووە، ئەوى ديكەشيان بە پێچەوانەوە وەڵامى نەداوەتەوە و ئاسمانى توركياى بەزاندوە و

بەسەر ناوچەی (یایلاداغی) تێپەڕیوە، لەم بارەیەشەوە تۆماری دەنگی فڕۆکەکە بلأوکرایەوە. لە بەرامبەردا سەرۆکی ئەرکانی تورکیا دەڵێت " فڕۆکە جەنگیەکە وەك بیٚ ناسنامە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، هەرچەندە دواتر زانراوە فڕۆکەی روسی بووە، بەو هۆیەشەوە دوو فڕۆکەی ئێف 16ی تورکیا هەڵساون لە تەواوی کاتژمێر 9:24 خولەکی پێش نیوەرۆ فڕۆکە نەناسراوەکەیان خستۆتە خوارەوە".

**بلأوکراوەی مانگی دەستکردی سوپای تورکیا لە بارەی ئاراستەی فڕۆکە روسیەکە لە ئاسمانی سوریا و تورکیادا**




لە بەرامبەردا، هەمان رۆژ بەرێوبەری پرۆسە جێبەجێکاریەکانی ئەرکانی روسیا (سێرگی رودۆسکۆی) لەرێگەی راپۆرتێکەوە زانیاری لەسەر روداوەکە خستە روو، رایانگەیاند کە فڕۆکە لە بنکەی سەربازی (حومەیم) لە پارێزگای لازقیە، لە رۆژئاوای سوریاوە هەستاوە و ناوچەکانی گروپە تیرۆریستیەکانی سەر سنوری نێوان سوریاو تورکیای بۆمب باران کردوە، دوری نێوان فڕۆکە روسیەکە لەگەڵ ئاسمانی تورکیا 1کلم بووە، دواتر لەسەر چیای تورکمان ئەو دوری نێوان فڕۆکە روسیەکە و سنوری تورکیا بوەتە 4 کلم، بەلأم لەوێدا کراوەتە ئامانج و خراوەتە خوارەوە. هاوکات رەتیانکردەوە هیچ ئاگادارکردنەوەیەك لەلایەن فڕۆکە سەربازییەکانی تورکیاوە درابێتە فڕۆکە روسیەکە. یەکێك لە فڕۆکەوانە رزگاربوەکان (قوستەنتین ئۆراختین) لە لێدوانێکدیدا بۆ میدیا روسیەکان رایگەیاند "هیچ ئاگادارکردنەوە و پەیوەندیەکی لاسلکیان پێنەگەیشتوە لە لایەن فڕۆکە تورکیەکان لەبارەی بەزاندنی ئاسمانی تورکیا".

بڵاوکراوەی مانگی دەستکردی وەزارەتی بەرگری روسیا لە بارەی ئاراستەی فرۆکە روسیەکە لە ئاسمانی سوریادا




لەلایەکی دیکەوە هەردوو وڵات نامەیان پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد ، ئەنجومەنی ئاسایشیش کە لەم مانگەدا لە لایەن بەریتانیاوە سەرۆکایەتی دەکرێت، بەناوی حکومەتی بەریتانیاوە وەڵامی هەردو وڵاتی دایەوە، ئەوەی لە نامەکەدا شایەنی تێرامان بوو ئەوەبوو ئەنجومەنی ئاسایش پاساوەکانی تورکیای زیاتر بەهەند وەرگرتبوو، بەتایبەت کاتێك لەنامەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەو زانیارییە کردبوو کە لەنامە بەپەلەکەی تورکیا بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان بەرزکرابۆوە، باسی لەوەدەکرد کە فرۆکە روسیەکە بۆماوەی 17 چرکە ئاسمانی تورکیای تێپەرکردوە و بە قوڵای 1.15 تا 1.36 میل چوەتە ئاسمانی تورکیاوە.

## هەڵوێستی هەردو دەوڵەت لەبارەی روداوی کەوتنە خوارەوەی فرۆکە سوخۆکە

خستنە خوارەوەی فرۆکە روسیەکە دەنگدانەوەی گەورەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆی هەردو وڵات بەدوای خۆیدا هێنا، بەجۆرێك دەسەڵاتدارانی هەردو وڵات دەستیانکرد بەجەنگی میدیای دژ بەیەك، لەیەکەمین کاردانەوەدا (ڤلادیمێر پۆتین) سەرۆك کۆماری روسیا پاش ئەم روداوە رایگەیاند "خستنە خوارەوەی فرۆکە روسیەکە سزای توند بەدوای خۆیدا دەهێنێت لەسەر ئاستی پەیوەندی لەگەڵ تورکیا ".

لەکۆنگرەیەکی دیکەی رۆژنامەوانی کە لەگەڵ (فرانس هۆلاند) سازیکرد رایگەیاند "خستنەخوارەوەی فرۆکەکەمان خیانەتێك بوو، ئەوانەی دەستیان لەگەڵ تیرۆردا تێکەڵاو کردوە، جێبەجێیان کرد و لەپشتوە خەنجەریان لێداین". هاوکات رایگەیاند "تورکیا پشتیوانی گروپە توندرەوەکان دەکات، ئەوەشی لەبەرامبەر روسیادا کرا بێ وەڵام نابێت " ئەم لێدوانانەی پۆتین بەفەرمی دان نان بوو بە بونی پەیوەندی راستەوخۆ لەنێوان رێکخراوی داعش و تورکیادا.

لەوەڵامدا ئەردۆگان داوای لە پۆتین و حکومەتی روسیا کرد کەواز لەتۆمەت بەخشینەوە بێنن، رایگەیاند" ئەوەی نەوتی لەداعش دەکرێت حکومەتەکەی بەشار ئەسەددە نەك تورکیا، بەشار ئەسەد سەرۆکی سوریا و هاوکارەکانی، سەرچاوەی کۆمەکی داعشن" گوتیشی: ئێمە نەوت و گازی سرووشتی بە پلە یەك لە رووسیا دەکڕین. بە پلەی دووەمیش لە ئێران و بە پلەی سێیەمیش لە ئازەربایجان. کەس بۆی نییە ئێمە بەوە تۆمەتبار بکات کە نەوت و گاز لە داعش دەکڕین". گوتیشی ئەگەر ئەگەر پۆتین توانی تۆمەتەکانی بسەلمێنێت من دەست لە پۆستەکەم دەکێشمەوە. هاوکات ئەردۆگان جەختی کردەوە لە بەردەوامی هاوکاریی گروپە ئۆپۆزسیۆنە میانڕەوەکان و گروپە تورکمانەکانی سوریا کە شەڕی دژی بەشار ئەسەد و ڕژێمەکەی دەکەن" لەکۆتایشدا گوتی "ئێمە خەنجەر لە پشتی کەس نادەین، چونکە ئەوەندە متمانەمان بەخۆمان هەیە کە رووبەڕوو شەڕ بکەین".

لە لایەکی دیکەوە ئەردۆگان رایگەیاند کە ئەو چەند جارە پەیوەندی تەلەفۆنی بەسەرۆکی روسیاوە کردووە بەڵام وەڵای نەداوەتەوە، (پۆتین)یش رایگەیاند کە پێویستە لەسەر تورکیا بە فەرمی داوای لێبوردن لەبارەی روداوی فرۆکەکە پێشکەش بە حکومەتی روسیا بکات. کۆشکی سەرۆکایەتی ڕوسیاش لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند"سەرۆکایەتیی ڕوسیا کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی تورکیا ڕەتدەکاتەوە، تا ئەو کاتەی تورکیا داوای لێبوردن لە ڕوسیا دەکات" ئەمەش وەك پێش مەرج وابوو بۆ وەڵامدانەوەی ئەردۆگان لەلایەن پۆتین. لە بەرامبەر لێدوانەکانی پۆتن، ئەردۆگان دەڵێت" تورکیا داوای لێبوردن لە ڕوسیا ناکات، بەڵکو پێویستە مۆسکۆ لەبەرامبەر

پێشێلکردنی سەروەریی و بەزاندنی ئاسمانی تورکیا داوای لێبوردن بکات، هاوکات هێزە چەکدارەکانمان ئەرکی خۆیان بەجێهێناوە، تورکیا دوودڵ نابێت لە هەمان وەڵام، ئەگەر بێت و جارێکی تر ڕوسیا سەروەریی خاکەکەی پێشێل بکاتەوە".

بەڵام روسیا دوپاتی دەکاتەوە ئەوەی تورکیا کردویەتی، پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانە لەبارەی پاراستنی ئاسایشی فڕین لەسەر ئاسمانی سوریا، کە لەلایەن روسیا و ئەمەریکاوە واژۆکراوە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم بۆچونە توندو دژ بەیەکەشدا، تورکیا زمانێکی دیبلۆماسی بۆ ئاسایکردنەوەی دۆخەکە بەکاردێنێت، بۆ نمونە (نوعمان کورتوڵموش) وتەبێژی حکومەت و جێگری سەرۆك وەزیران لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند " تورکیا دڵنیایە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕوسیا، ئەو فڕۆکەیەش کە خراوەتە خوارەوە فڕۆکەیەکی ناسنامە نەزانراو بوە، گەر بزانرایە فڕۆکەکە رووسیە، رووداوێکی لەو شێوەیە رووی نەدەداو ئەم گرژییەی ئێستا دروست نەدەبوو" هاوکات گوتی" دڵنیاین لەوەی ڕوسیا هەرگیز بە مەبەستی شەڕ و دوژمنایەتیی نایەتە ناو سنوری تورکیاوە و هیوامان وایە ئەم گرژییانە لەمە زیاتر نەخایەنن و چارەسەرێکی دیبلۆماسییانە بۆ بدۆزێتەوە"، تەنانەت خودی (ئەردۆگان) دڵتەنگی خۆی لەبارەی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەو نیشاندا و رایگەیاند کە هیواخوازبوو ئەوە روینەدابایە. (داود ئۆغلۆ)ش رایگەیاند" پێویستە لەسەر روسیا تەرکیز بکاتە سەر تیرۆر، لەگەڵ تورکیا پێکەوە کار بۆ روبەروبونەوەی تیرۆر بکەن".

## گومان و هۆکاری خستنە خوارەوەی فرۆکە روسیەکە

بێگومان هەندێك پێیان وایە کە هۆکاری بارگرژییەکانی ئەم دواییەی نێوان روسیاو تورکیا تەنها پەیوەستە بە خستنە خوارەوەی فرۆکە روسیەکە لە لایەن تورکیاوە، راستە ئەمە دەکرێت وەك یەکێك لە هۆکارەکان تەماشا بکرێت، بەڵام ئەوە هۆکاری سەرەکیی نییە بەڵکو هۆکارێکی لاوەکیەو تەنها پاساوێکە کەدەبێتە هۆی تۆخکردنەوەی جیاوازی لە نێوان هەردو دەوڵەت، بۆیە دەکرێت هۆکاری ململانێکانی نێوان روسیاو تورکیا لەسەر دو ئاست ریزبەند بکەین:

## یەکەم: هۆکارە ناراستەوخۆکان

- **هۆکاری خستنە خوارەوەی فرۆکەکە لەسەر زاری توکیا**

1. تورکیا هۆکاری سەرەکی هێرشەکەیان بۆ سەر فرۆکە روسیەکە بۆ ئەوە دەگێرنەوە کە فرۆکەیەکی نەناسراو ئاسمانی تورکیای بەزاندوە پاش 10 جار ئاگادارکردنەوەی ناسنامەی خۆی ئاشکرا نەکردوە، فرۆکە تورکیەکانیش پشت بەستوو بە پرەنسیپی خۆپارێزی و پێشێلکردنی رێکەوتنامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە سەروەری ئاسمانی وڵاتان، مامەڵەیان لەگەڵ فرۆکەکە کردوەو خستویانەتە خوارەوە.
2. (ئەحمەد داودئۆغلۆ) لەمیانی لێدوانێکی رۆژنامەوانییدا، هۆکاری خستنە خوارەوەی فرۆکەکە بۆ نەبونی هەماهەنگی دەگێرێتەوە لەنێوان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش بەسەرۆکایەتی ئەمریکاو هاوپەیمانی چوارقۆڵی بەسەرۆکایەتی روسیا، ئەو هۆکارەش رووداوی خستنەخوارەوەی فرۆکە روسییەکەو روداوی دیکەشی لێدەکەوێتەوە.

هاوکات تورکیا دەڵێت کە ئەوە یەکەمینجار نییە روسیا ئاسمانی تورکیا ببەزێنێت و پێشێلی سەروەری ئەو وڵاتە دەکات، پێشتریش لە رێکەوتی 2015/10/5 چەند فرۆکەیەکی روسی بەناوی بۆردومانی داعش لەسەر سنوری تورکیاو روسیا، هاتبونە ناو ئاسمانی تورکیا، پاش رۆژێك (ئەحمەد داود ئۆغلۆ) هۆشداریدایە روسیا و رایگەیاند لە ئەگەری دوبارەبونەوەی ئەم روداوەدا تورکیا مافی خۆیەتی رێوشوێنی پێویست و خۆپارێزی لەو بارەیەوە بگرێتە بەر. روسیاش ئەوکات رایگەیاند کە ئەوە هەڵەیەك بوەو دوبارە نابێتەوە.

- **هۆکاری خستنە خوارەوەی فرۆکەکە لەسەر زاری روسیاوە**

1. بەرپرسانی روسیا دەڵێن تورکیا زانیویەتی فرۆکەکە روسییەو بە پلانی پێشوەختە خراوەتە خوارەوە، هۆکارەکەش ئەوەیە کە ئێستا روسیا پاڵپشتی هێزی وشکانی رژێمەکەی ئەسەد دەکات و نزیك بۆتەوە لە کۆنترۆڵکردنەوەی بەرەی ریفی لازقییە و یەکلاییونەوەی شەڕی ئەو ناوچەیە.
2. روسیا دەڵێت بۆردومانی ئامانج و بەرژوەندییەکانی تورکیای کردوە لە سوریادا، کە بریتیە لە هێڵی گواستنەوەی نەوتی داعش لەسوریاوە بۆ تورکیا، بۆیە لە کاردانەوەی بۆردومانەکانی روسیادا، تورکیا فرۆکەکە روسیەکەی خستۆتە خوارەوە.

لەم بارەیەشەوە (سێرگی لاڤرۆڤ) وەزیری دەرەوەی روسیا رایگەیاند "تورکیا هەوڵیداوە پاساو بۆ هێرشەکەی بهێنێتەوە، بەوەی نەیانزانیوە فڕۆکەکە سەر بە چ وڵاتێکە". باسی لەوەشکرد" تورکیا خۆی بەبەردەوامی سنوری وڵاتانی دراوسێی دەبەزێنێت (عێراق) بەنمونە، بەڵام نەبۆتە ئامانجی روداوی لەو جۆرە" لەکۆتایی قسەکانیدا لاڤرۆڤ دەڵێت" لە کاتی قسەکردنم لەگەڵ (مەولود چاوش ئۆغلۆ) وەزیری دەرەوەی تورکیا، ئەو روداوەم بیرهێنایەوە کەلەساڵی 2012 لە سوریا رویداو فرۆکەیەکی تورکی لە ئاسمانی ئەو وڵاتە لەسەردەستی سوپای سوریا خرایە خوارەوە، ئەوکات کە ئەردۆگان سەرۆك وەزیرانی تورکیا بوو، رایگەیاند (بەزاندنی سنوری سوریا لەلایەن فڕۆکەکانی تورکیاوە بۆ ماوەیەکی کورت نابێت بگاتە ئەوەی هێز لە دژی بەکاربهێندرێت)، لاڤرۆڤ دەڵێت"وەزیری دەرەوەی تورکیا هیچ وەڵامێکی پێ نەبوو کاتێك ئەو روداوەم وەبیر هێنایەوە".

(ڤلادیمێر پوتین) لەکۆنفرانسی گۆڕانکاریەکانی کەش و هەوا لە پاریس، باسی لەهۆکاری خستنە خوارەوەی فرۆکەکە کرد و ڕایگەیاند " تاکە هۆکاری خستنە خوارەوەی فڕۆکە جەنگییەکەیان بۆ پارێزگاریکردن بووە لەو بازرگانییە نەوتییەی تورکیا لەگەڵ داعش دەیکات، چونکە ڕووسیا زانیاری تەواوی لەبەردەستایە کە نەوتی دەوڵەتی ئیسلامی دەچێتە خاکی تورکیا، لە ئێستادا ئەو دوولایەنە بەرژەوەندی ئابووریان هەیە بەیەکەوە." دواجار گوتی "ئێمە لە کاتی چاودێریکردنی بازرگانی نەوت بووین لە نێوان تورکیا و داعش، لەوکاتەدا فڕۆکەکەمان خراوەتە خوارەوە." لەم بارەیەشەوە وەزارەتی بەرگری روسیا ئێوارەی رۆژی 2015/12/2 لەکۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا کۆمەڵێك زانیاری و بەڵگەنامەی ڤیدیۆی خستەڕو لەبارەی بازرگانی و قاچاغچێتی نەوت لەنێوان داعش وتورکیادا.

دواجار بۆچونێك هەیە پێی وایە، ئەوەی تورکیا بەرامبەر روسیا ئەنجامیدا، ئاگادارکردنەوەیەك بوو بۆ ئەو مانۆرانەی روسیا کە لەبەرامبەر تورکیا لە ئاسمانی سوریا ئەنجامیان دەدات، هاوکات وەڵامێکی ناراستەوخۆش بوو لە بەرامبەر لێدوانەکانی پۆتین کە لە کۆنگرەی ئەمساڵی ئەنتالیا، ئاراستەی وڵاتانی G20 و تورکیای کرد بەدیاریکراوی، لەبارەی هاوکاریکردنی ئابوری چەند دەوڵەتێك بۆ رێکخراوی داعش.

## دوەم: هۆکارە ڕاستەوخۆکان

هەمیشە لەنێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و روسیدا (هەژمونی پاوانخوازی، جوگرافیاو سنوری هاوبەش، جیاوازی ئاینی و بەرژەوەندی ئابوری) هۆکاری سەرەکی بووە بۆ ئالۆزبونی ئاستی ململانێ سیاسی و سەربازیەکانی نێوان هەردو دەوڵەت، ئەوەی لەئێستاشدا پەیوەندییەکانی هەردو دەوڵەتی بەم ئاستە گەیاند، تەنها خستنە خوارەوەی فرۆکەیەك نەبوو، بەڵکو ئەوە تەنها پاساوێك یاخود ئامرازێکی ناراستەوخۆ بوو بۆ گەرمکردنی هۆکارە مێژوییانەی کە بەردەوام لەهاوکێشەی پەیوەندییەکانی روسیاو تورکیادا ئامادەییان هەیە، دەکرێت لەدیارترین هۆکارەکانیش بریتی بن لە:

1. **هەژمون بەسەر بەرفراوانترین سنوری جوگرافیدا:** لەنێوان روسیاو تورکیادا نزیکەی 600کم سنوری وشکانی هەیە، ئەوە جگە لەو سنورە بەرفراوانە ئاوییەی لەنێوانیان هەردو دەوڵەتدا هەیە، هاوکات جیۆپۆڵەتیکی تورکیا بەچەشنێکە بوەتە پردی پێکەوە بەستن و گەیاندنی روسیا بە ئەوروپا. بەم هۆیەوە هەمیشە جەنگی نێوان روس و تورکەکان جەنگێك بوە لە پێناو فراوانخوازی و پاوانکردنی دەسەلآت و بەرفراوانکردنی هەژمونی هێز بەسەر زۆرترین روبەری جوگرافیدا، تەنانەت ئەگەر ئەو فراوانخوازییە لەسەر حسابی دەوڵەتانی دراوسێش بوبێت. پێگەی گرنگی هەردو دەوڵەتەکە بۆ یەکتری وەك دو دەوڵەتی دراوسێ، هۆکار بووە بۆ ئەوەی هیچ کات لەروی سیاسیەوە کۆك نەبن و بەردەوام کێشمە کێشمی سیاسی لەنێوانیاندا ئامادەیی هەبێت.

   ئەوەی ئێستاش رودەدات بەجۆرێك لە جۆرەکان دوبارە بونەوەی مێژوی رابردووە، هاوکات خواست و ئارەزوی بالآدەستی هەرێمی لەنێوان هەردو دەوڵەتدا بەدیدەکرێت، بەتایبەت لەسەر ئاستی هاوکێشە سیاسیەکانی خۆرهەلآتی ناوەراست، بەنمونە لە سوریا. هەروەها بالآدەست بون بەسەر (دەریای رەش و ناوچەی بەڵقان و قەوقاز) کە سنوری هاوبەشی نێوان هەردو ولآتە بەردەوام لە ئێستا و رابردوشدا بوەتە هۆکارێك بۆ زیادبونی  ناکۆکی و ئالۆزییە سیاسیەکانی نێوانیان.

2. **هۆکاری جیاوازی ئاینی و ڕەگەزی:** جیاوازی ئاینی و ڕەگەزی لەنێوان هاولآتیانی تورکیا و روسیا بەردەوام فاکتەرێك بووە بۆ قوڵبونەوەی ململانێ سیاسیەکانی نێوانیان، بۆ نمونە تورکەکان سەر بەنەژادی مەغۆلن و لەروی ئاینیەوە زۆرینەیان ئیسلامی سونە مەزهەبن، روسەکانیش لە نەژادی سلاڤین

و لەڕوی ئاینیشەوە مەسیحین و سەر بە مەزهەبی ئەرسەدۆکسن، بەدرێژای مێژوش لەنێوان ئەم دو رەگەزو ئاینەدا جەنگی خوێناوی رویداوە و کاریگەری لەسەر بیروباوەری شوێنکەوتوانی هەردو دەوڵەتەکە داناوە. هەمیشە روسە ئاینخوازەکان خۆیان بە پاشماوەی ئیمپراتۆری بێزەنتی دادەنێن، ئەو ئیمپراتۆریەتی کەلە قوستەنتینیەی جاران و ئەستەنبوڵی ئێستا دامەزرا و لەسەر مەزهەبی ئەرسەدۆکسی وەك رۆمای دووەم خۆی راگەیاند، بەڵام سەردەمی ئەم ئیمپراتۆریەتە زۆری نەخایاند و لە ناوەراستی سەدەدەی پازدە لەساڵی 1453دا لەلایەن عوسمانیەکانەوە روخێندراو پایتەختەکەشیان داگیرکرا. بەم شێوەیە دەستگیرا بەسەر قیبلەی ئەرسەدۆکسیەکاندا، داگیرکردنی قوستەنتینە هۆکار بوو بۆ ئەوەی هەستی دوژمنداری روسە ئەرسەدۆکسیەکان زیاد بکات لە بەرامبەر تورکە عوسمانیەکاندا، بە بەمەبەستی گێرانەوەی سەروەری بێزەنتیەکان و قیبلەی ئەرسەدۆکسەکان، کە پێیان دەگوت (ئۆرشەلیمی دووەم).

بەم هۆکارە هێرشەکانی سەرەتای روسیای قەیسەری سیمایەکی ئاینیان وەرگرت، کاتێك کە لەژێر پشتیوانی و چاودێری کڵێسەی ئەرسەدۆکی روسی ئەنجامدران لە ژێر دروشمی پاراستنی ئەرسەدۆکسیەکانی ژێر دەستی عوسمانی لە (شام و ئەنادۆڵ و بەلقان).

هاوکات ئەگەر بەریەککەوتنی راستەوخۆی ئاینی لەنێوان هەردو دەوڵەتیشدا روینەدابێ، ناراستەوخۆ ئەم هۆکارە لەلایەن هەردو دەوڵەتەوە بۆ پەلاماردانی یەكدی بەکارهێنراوە. بۆ نمونە لەساڵی 1568دا ئیمپراتۆری عوسمانی دەستیکرد بە هاریکاری هەرێمە مسوڵمانەکانی نێو سنوری ڕوسیا، لەساڵی 1877دا روسیای قەیسەر کەوتە هاندانی کەمایەتیە مەسیحی و سلاڤیەکانی تورکیا بۆ بەرپاکردنی شۆرش دژبە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەهەمان شێوە لەسەردەمی شەری ساردا، تورکیا لەبەرەی دژ بە سۆڤیەت خۆی وەك پشتیوانی هاوڵاتیانی هەرێمە مسوڵمانەکانی روسیا و قەوقاز و قیرقیزستان و تورکمانستان و ئۆزباکستان و چیچان و تەتەرستان لەقەڵەمدا، کە نزیکەی 18٪ خاکی ئەوکاتەی سۆڤیەتیان پێك دەهێنا، دواتریش لە ساڵی 1994تورکیا ناراستەوخۆ پشتیوانی لە بزوتنەوەی چەکداری چیچانیەکان کرد دژ بە حکومەتی مۆسکۆ. لە ئێستاشدا بە پێی راپۆرتی (نەتەوە یەکگرتووەکان) ژمارەی موسڵمانانی ژێر دەسەلاتی روسیا بە رێژەی 15٪ کۆمەڵگای روسی دادەنرێن، مەزەندەش دەکرێت ئەم رێژەیە لەساڵی 2050 دا بۆ 30٪ بەرز ببێتەوە.

3. **کەسێتی سوڵتان و قەیسەر (ئەردۆگان و پۆتین):** یەکێکی دیکە لە هۆکاری هاتنە ئارای کێشەکانی ئێستای تورکیاو روسیا پەیوەندیدارە بە بەهێزی کەسێتی سەرکردایەتی هەردو وڵاتەوە، ئەمەش وایکردووە ململانێکەی نێوانیان ببێتە ململانێی گەڕانەوەی شکۆمەندییەکانی سەردەمی (قەیسەر و سوڵتان)، کە هەریەك لە پۆتین و ئەردۆگان وێنای ئەو دۆخە دەکەن.

ئەردۆگان و پۆتین خاڵی لێکچون و هاوبەشی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، بەجۆرێك هەردوو سەرۆك دەخوازن وەك سەددەکانی رابردو دەوڵەتەکانیان بکەنەوە ناوەندی هێزی جیهانی، ئەوەش پاش ئەوەی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بەتایبەت تورکیا ئەو سەوەرییەی لەدەستدا.

بۆ نمونە، لەسەر دەستی پۆتین روسیا نەك هەر توانی بەشێك لە هێزی جارانی بەدەست بهێنێتەوە، بەڵکو توانی پاش نیو سەددە بە دیفاکتۆ هەژمونی وڵاتەکەی بگەڕێنێتەوە ناو هاوکێشە سیاسیەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو بەربەستانە تێك بشکێنێت کە بەهۆی رێکەوتنامەکانی وەك (سەعد ئاباد 1937- رێکەوتنی بەغدا 1955) بەسەر سۆڤیەتی جاراندا سەپێندرابوو، کەمەبەست لێی رێگریکردن بوو لەوەی روسیا هەژمونی بەسەر خۆرهەلاتی ناوەراستدا هەبێت. دۆخەکە هەر بە گەرانەوەی هەژمونی سیاسی روسیاوە نەوەستا، بەڵکو پۆتین هێزی سەربازی گەیاندە سوریا و بە بیانوی جەنگی تیرۆر خۆی خزاندە نێو هاوکێشە سەربازی و سیاسیەکانی سوریاو هەرێمی خۆرهەلاتی ناوەراستەوە.

هاوکات لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتەکانیان هەریەك لە پۆتین و ئەردۆگان لە لایەن هاوڵاتیانیانەوە پشتگیری تەواو دەکرێن، ئەمەش وایکردوە کە هەردو سەرۆك داهێنەری مۆدێلێکی نوێی سیستمی سیاسی و دەستاودەستکردنی دەسەلات بن، ئەمەش لە رێی گۆرانکاری کردن لە دەستوری وڵات لەپێناو بەهێزترکردنی پێگەو تەمەنی سیاسی خۆیان، کە خۆی دەبینێتەوە لە وەرگرتن و تاقیکردنەوەی چەند پۆستێکی باڵای وڵات و ئەزمونکردنیان، تا گەیشتن بە دوا لوتکەی دەسەلات کە(سەرۆك کۆمار)بوو. بێگومان ئەمەش بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەجێنداو پرۆژە سیاسیەیە کە پلانیان بۆ دارشتووە. پۆتین ئەم شێوازەی داهێنا، لای خۆشیەوە ئەردۆگان هەمان مۆدێلی دوبارە کردەوە لە سەرۆکی شارەوانی بۆ سەرۆك وەزیران لەوێشەوە گەیشتە پۆستی سەرۆك کۆماری وڵات.

هەنگاوەکانی پۆتین و ئەردۆگان هۆکارێکن بۆ ئەوەی بە تێپەربونی کات سیمای هەردو دەوڵەتەکە زیاتر رۆڵی هەردو سەرکردەی پێوە دیاری بدات و کاریگەری هەبێت لەسەر بریار و پێگەی سیاسی تورکیاو

روسیا. هەرچەندە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەمە بە سەرەتای تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیاو روسیا خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ دەکرێت.

لەلایەکی دیکەوە ئەردۆگان دۆخی سیاسی و ئابوری لەماوەی سیازدە ساڵی حکومرانی پارتەکەیدا گۆڕی، بەجۆرێك تورکیای لە دەوڵەتێکی قەرزدارەوە کردە دەوڵەتێکی خاوەن داهات، دەوڵەتێك کە بەدەست دەیان کێشەی ئابوری و خزمەتگوزارییەوە دەیناڵاند، بەڵام لە ئێستادا بوەتە یەکێك لە ناوەندە گرنگە گەشت و گوزاری و بازرگانیەکانی جیهان. دەوڵەتێك کە پاشکۆی سیاسەتی خۆرئاوا بوو، لە ئێستادا تا ئاستێك سەربەخۆی سیاسی لەبریاردان بەدەستهێناوە و هەوڵدەدات پەل بهاوێژێ و هەژمونی هەبێت بەسەر دەوڵەتانی ناوچەکەدا.

هەریەك لە پۆتین و ئەردۆگان توانیان لەرێگەی دەسەلاتی دادوەری و دەزگا ئەمنیەکانەوە زاڵبن بەسەر دەنگە نارازیەکانی ولآتدا، بەجۆرێك لە رێگەی دروشمە نەتەوەییەکان و ئاماژەکردن بۆ دوژمنی دەرەکی تیۆری پلانگێری دژ بە ولآتەکەیان، جێگایان بۆ سەپاندنی هێزی خۆیان خۆشترکرد. بەم جۆرە لەرێگای ئەم میکانیزمانەوە تەنانەت کاریانکردوەتە سەر لاوازکردنی پێگەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لە هەردو ولآتدا، بۆ نمونە ئەردۆگان توانی لەسەر ئاستی سیاسەتی نێوخۆی تورکیا رۆڵێك بگێرێت کە پارتەکانی دیکەی وەك (مەهەپە وجەهەپە) بچوك بکاتەوە و لەدەسەلآت دوریانبخاتەوە، ئەمەش هێندەی دیکە ئەردۆگان و پارتەکەی بەهێزکرد، بەجۆرێك لە 2002 ەوە تا ئێستا ئەردۆگان بەردەوامە لەسەرکەوتن و مانەوە لەسەر کورسی دەسەلآت. دواین ئامانجیشی ئەوەیە کە بتوانێت بۆ چەند ساڵێکی دیکە لەسەر دەسەلآتی تورکیا بمێنێتەوە، تاوەکو لەیادی 100 ساڵەی راگەیاندنی کۆماری تورکیا، بەدیاریکراوی لەساڵی 2023 سەروەری بۆ خۆی بنوسێتەوە و سیستمی سیاسی تورکیا لە پەرلەمانیەوە بگۆڕێت بۆ سەرۆکایەتی، هاوکات سیستەمێکی سوڵتانی پاش سەدەیەك لەڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە تورکیادا رابگەیەنێتەوە.

## پەیوەندی ئابوری نێوان روسیا و تورکیا

پەیوەندی ئابوری نێوان تورکیا و رووسیا بە ئاستێك بەهێزە کە لەماوەی رابردودا کێشەکانی (سوریا، ئۆکرانیا و قوبرس و میسر)یش نەیانتوانی ببەنە هۆی لێك دابرانیان و دورخستنەوەیان لە یەکتری. لە گەرمەی ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان لە ماوەی چوار ساڵی رابردودا، مۆسکۆ و ئەنقەرە رێکەوتنیان لەسەر دوو پرۆژەی گەورەی

ئابووری و ستراتیجی لەبواری وزەدا واژۆکرد، ئەوانیش پرۆژەی گازی سروشتی ( سیل تورکی – تورکیش ستریم) و پرۆژەی چوار بنکەی ئەتۆمی بوو لەژێر ناوی (ئاك کۆیۆ).

بۆ زیاتر رونکردنەوەی ئەم پرسە لەزمانی ژمارەکانەوە هەندێك زیانیاری لەبارەی پەیوەندی ئابوری نێوان هەردوو ولات دەخەینە روو لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایدا.

1. تورکیا لە ریزبەندی پلەی پێنجەمی ئەو ولاٌتانە دێت کە روسیا پەیوەندی ئابوری هەیە لەگەڵیاندا. لەدوای هەریەك لە (چین، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، ئیتاڵیا).
2. روسیا لە پلەی حەوتەمی ئەو ولاٌتانەدا دێت کە تورکیا کەلەپەلیان بۆ هەناردە دەکات و پرۆژەی وەبەرهێنان لەو ولاٌتەدا ئەنجام دەدات. لە ئێستادا تورکیا خاوەن 47 پرۆژەی بەرهەمهێنانە لە روسیا بە بری 3.9 ملیار دۆلار، هاوکات تورکیا خاوەن نزیکەی 700 دوکانی بازرگانیە لە روسیا بۆ بەکاربردنی کەلوپەلی بەرهەمهێنراوی 30 مارکەی بازرگانی تورکی. لە ئێستاشدا دوای ئەڵمانیا، مۆسکۆ گەورەترین بازاڕی کالاٌی تورکییە.
3. ئاستی مامەڵەو ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان روسیاو تورکیا هەتادێ لە بەرزبونەوەدایە، بۆ نمونە:

| ز | ئاستی مامەڵەی بازرگانی نێوان تورکیا و روسیا | بڕی مامەڵە بە ملیار دۆلار |
|---|---|---|
| 1 | ساڵی 2002 | 11 ملیار دۆلار |
| 2 | ساڵی 2004 | 11 ملیار دۆلار |
| 3 | ساڵی 2007 | 22 ملیار دۆلار |
| 4 | ساڵی 2008 | 33 ملیار دۆلار |
| 5 | ساڵی 2009. (بەهۆی قەیرانی دارای نێودەوڵەتی مامەڵەی نێوانیان کەمیکرد). | 19 ملیار دۆلار |
| 6 | ساڵی 2010 | 25 ملیار دۆلار |
| 7 | ساڵی 2014: 15 ملیار دۆلاری مامەڵەی نێوانیان تەنها پەیوەست بووە بە هەناردەی وزە و نەوتی روسیا بۆ تورکیا. | 31 ملیار دۆلار |
| 8 | ساڵی 2015 تا مانگی 9 | 18.5ملیاردۆلار خەمڵێندراوە. |

لەم بارەیەشەوە ئەردۆگان لە سێپتێمبەری ساڵی 2014 رایگەیاند "هەردو ولات هەوڵدەدەن بۆ ساڵی 2023 ئاستی پەیوەندی بازرگانیان بۆ نزیکەی 100 ملیار دۆلار بەرزبکەنەوە لە ساڵێکدا".

4. توركیا لە ریزبەندی یەکەم کڕیارانی کەلوپەلی ئامادەکراوی روسی دادەنرێت. لە ساڵێکدا بری هەناردەی روسیا بۆ تورکیا بە 25 ملیار دۆلار خەملێندراوە.
5. روسیا دووەم هاوبەشی تورکیایە لەروی پەیوەندی ئابورییەوە، تەنها لەماوەی 4 مانگی رابردودا ئاستی هەناردەی تورکیا بۆ روسیا بە 2.7 ملیار دۆلار خەملێندراوە.
6. لە ساڵی 2013 دا تورکیا چوارەم وڵات بووە لە ریزبەندی ئەو وڵاتانەی کە روسیا (نەوت و سەرچاوەکانی دیکەی وزەی بۆ هەناردەکردون).
7. تورکیا گەورەترین کڕیاری گەنمی روسیایە، لەدوای میسر بەدووەم وڵات دێت، ساڵی 2014 ئەنقەرە بە بری 4.1 ملیۆن تەن گەنمی لە روسیا کڕیوە.
8. دوای ئەڵمانیا، تورکیا گەورەترین کریاری گازی سروشتی روسیایە، کە ساڵانە نزیکەی 25– 30 ملیار مەتری سێجا گاز لە تورکیا دەکرێت، واتە 3/1 پێداویستیە گازییەکانی تورکیا لە لایەن روسیاوە دابین دەکرێت.

شارەزایان دەڵێن "تورکیا ساڵانە 55٪ پێدوایستیەکانی لەگازی سروشتی لە روسیاوە هاوردە دەکات، ساڵانەش پێویستی بە بری 50 ملیار مەتری سێجا هەیە"، کۆمپانیای گاز پرۆمی روسی رایگەیاندووە کە ساڵانە نزیکەی 55٪ پێداویستی گازی تورکیا پردەکەنەوە.

9. ساڵی 2010 لە نێوان روسیا و تورکیا رێکەوتنێك کرا بۆ دروستکردنی بنکەی ئەتۆمی بەمەبەستی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ناوچەی (مێرسین) بە سەرپەرشتی کۆمپانیای (ئەلکۆنسۆر سیۆمی روسی– تورکی) کە لە سێ کۆمپانیای وەك (ئەتۆم سترۆی ئاکسپۆرتی روسی – ئەنتەر راو ئەی ئێسی روسی – پارك تەکنیکی تورکی) پێك هاتون، ساڵی 2013 دەستکرا بە جێبەجێکردنی پرۆژەکە، بۆ بونیادنانی چوار وێستگەی ئەتۆمی هاوبەشی روسیا و تورکیا، بە ناوی بنکەی (ئاك کۆیۆ)، ئەمە یەکەمین پرۆژەی ئەتۆمی روسیایە لە دەرەوەی خاکی روسیا، بۆ بەرهەمهێنانی 1200 مێگاوات کارەبا بۆ تورکیا، بەمەبەستی هاوکاری ئەنقەرە لە کەمکردنەوەی تێچونی کارەبا، بەبڕی 20 ملیار دۆلار.

وابریارە ئەم پرۆژەیە ساڵی 2023 تەواوبێت.

10. رێککەوتننامەی ستراتیجی لە بواری وزە لەساڵی 2014، وەك نمونەی پرۆژەی دروستکردنی بۆری گواستنەوەی گازی سروشتی روسیا لەرێگای دەریای رەشەوە بۆ تورکیا، لەوێشەوە بۆ سنوری ئەوروپا، ئەمە پرۆژەیە بە (سیل تورکی – تورکیش ستریم) ناسراوە، کە تێچونەکەی 12 ملیار دۆلارەو

که به دو قۆناغ ئەنجام دەدرێ، قۆناغێکیان گاز لەرێی دەریای رەش دەگەیەنێتە تورکیا، قۆناغی دووەم بەدرێژای دەریای رەش گاز دەگەیەنێتە ئەستەنبوڵ و لەوێوە بۆ یۆنان و ئەوروپا هەنارده دەکرێت.

درێژی بۆرییەکە 1100 کلم دەبێت، 910 کلم لە دەریای رەش، 250 کم دەکەوێتە خاکی تورکیاوە، ساڵانە توانای هەناردە کردنی 63 ملیار مەتر سێجا گازی روسی هەیە، 16 ملیار مەتر سێجا بۆ تورکیا، 47 ملیار مەتر سێجا بۆ ئەوروپا.

لەرابردودا روسیا بەرێگای باشور بە دەریای رەشدا گازی دەنارد بۆ کۆمەڵێك دەوڵەتی ئەوروپا وەك (بولگاریا، نەمسا،سربیا،هەنگاریا، سلۆڤینیا). بەڵام پاش سزاکانی رۆژئاوا بۆ سەر روسیا، حکومەتی ئەو وڵاتە پشتی بە ئەڵتەرناتیڤی دووەم بەست، ئەویش ناردنی گاز بوو لەرێگای تورکیاوە، بەهەمان توانای پرۆژە هەڵپەسێردراوەکەی پێشوو، گاز لەرێگەی بۆری لەدەریای رەشەوە دەگەیەندرێتە بەندەری سامسۆن لە بەشی باکوری تورکیا، لەوێوە بۆ ئەنقەرە، لەوێشەوە دەگەیەندرێتە سەر سنوری تورکیا و یۆنان و ئاراستەی ئەوروپا دەکرێت. بەم جۆرەش ئەنقەرە دەبێتە دەرگای رۆژئاوا بۆ هەناردەی گازی روسیا بۆ ئەوروپا.

**نەخشەی پرۆژەی گازی ( تورکش ستریم – سیل تورکی ) لەنێوان روسیاو تورکیادا – سەرچاوە جەزیرە**



11. پاش داخستنی بۆرییە گازییەکانی ئۆکرانیا بۆ هەناردەی گازی روسی بۆ ئەوروپا، لە ئێستادا روسیا تەنها لەرێگای تورکیاوە ساڵانە بری 50 ملیار مەتر سێجا گاز هەناردەی بازارە جیهانیەکان دەکات، ئەمەش بەرامبەرە بەرێژەی 55٪ گازی هەناردەکراوی روسی.

12. لەساڵی 2010 رێککەوتن کرا بۆ گواستنەوەی نەوتی روسی بە دەریای رەشدا، لەرێگەی بۆری نەوتی (سامسۆن – جیهان) کە لەساڵی 2010 دروستکراوە، لە باکوری تورکیاوە بۆ باشوری تورکیا درێژدەبێتەوە و دەسورێتەوە بۆ سەر گەروی (هورمز و دەردەنیل)، ئەم بۆریە نەوتی روسیا لە دەریای رەش بۆ ئەوروپا دەگوازێتەوە.

13. روسیا لەرێگەی تورکیاوە بەرهەمی (کیمیایی و ئاسن و سەرچاوەی وزە ...) رەوانەی بازارەکانی تورکیاو ئەوروپا دەکات. لە پێنج ساڵی رابردودا کۆی هاوردەی تورکیا لە روسیا بە 11٪ کۆی هاوردەکانی دیاریکراوە. لە بەرامبەردا تورکیا شمەك و پێداویستی پیشەسازی و بەرهەمی خواردەمەنی (گۆشت و میوە و سەوزە ...) رەوانەی روسیا دەکات.

بۆ نمونە روسیا بەهۆی سزاکانی رۆژئاواوە دەرگای خستە سەر پشت بۆ هاوردەکردنی شمەك و خواردەمەنی تورکی بۆ بازارەکانی روسیا، بەم هۆیەوە تەنها تورکیا لەرێی هەناردەکردنی (گۆشتی ئاژەڵ و مریشك و ماسی و شیرەمەنی و سەوزە و میوە ...) لەساڵی 2015 دا نزیکەی 3 ملیار دۆلار قازانجی کردووە.

14. بری هەناردەی شمەك و کەلوپەلە جیاوازەکانی تورکیا بۆ روسیا بەم جۆرەیە:

- لەبواری کشتوکاڵ و بەرهەمی ئاژەڵیدا تورکیا بە بری 1 ملیار و 68 ملیۆن دۆلار بەرهەمی هەناردەی روسیا دەکات.
- لەبواری چنیندا تورکیا بە بری 910 ملیۆن دۆلار شمەك هەناردەی روسیا دەکات.
- لەبواری پێدواویستی ئۆتۆمۆبێلدا تورکیا بە بری 680 ملیۆن دۆلار پێداویستی ئۆتۆمۆبێل هەناردەی روسیا دەکات.
- لەبواری پێداویستی و ماکینەی پیشەسازی تورکیا بە بری 610 ملیۆن دۆلار پێداویستی هەناردەی روسیا دەکات.
- لەبواری بەرهەمی کیمیایدا تورکیا بە بری 378 ملیۆن دۆلار بەرهەمی هەمەجۆر هەناردەی روسیا دەکات.
- لە بواری جل و بەرگ تورکیا بە بەری 303 ملیۆن دۆلار پێداویستی هەناردەی روسیا دەکات.

- له بواری پلاستیك توركیا به بری 297 ملیۆن دۆلار شمەك هەناردەی روسیا دەكات. كۆی گشتی هەناردەی توركیاش بۆ روسیا دەگاتە 5 ملیار و 934 ملیۆن دۆلار.

15. پەیوەندییەكی پتەوی گەشتیاری و كۆمەلآیەتی لە نێوان هەردو ولآتدا هەیە، بەتایبەت پاش هەلگرتنی مەرجی ڤیزە لەنێوان هەردو ولآت لە سالّی 2010، كەرتی گەشت و گوزار لەنێوان هەردو ولآتدا زۆر گەشەی كردووە، بۆ نمونە لەسالّی 2013دا، نزیكەی (3.6) ملیۆن هاولآتی روسی گەشتیان بۆ توركیا كردوە، لەسالّی 2014 دا ئەم ژمارەیە برزبوەتەوە بۆ (4.3) ملیۆن هاولآتی روسی گەشتیان بۆ توركیا كردووە لەكۆی (42) ملیۆن هاولآتی گەشتیار، توركیا لەرێگایانەوە 36 ملیار دۆلار قازانجی كردووە. لە ئێستاشدا دوای ئەلّمانیەكان روسەكان لە پلەی دووەمی گەشتیارانی توركیا دادەنرێن، ئەلّمانیەكان سالّی 2014 نزیكەی (5.4) ملیۆن هاولآتیان گەشتی توركیایان ئەنجامداوە. لە چارەكی یەكەمی سالّی 2015 دا لەرێگەی گەشتیاری روسییەوە ئابوری توركیا بری 4.9 ملیار دۆلار قانجی كردووە و نزیكەی (3.3) ملیۆن روس سەردانی توركیایان كردوە.

16. توركیا لە ریزبەندی سێهەم ولآت دێت كە هاولآتیانی روس ئارەزو دەكەن لەو ولآتەدا نیشتەجیێ ببن و ببنە خاوەن موڵك و عەقارات، تەنها لە 10 مانگی 2015دا 18 هەزار خانو لە لایەن هاولآتیانی بەرەگەز روسی لە نێو توركیادا كڕدراون.

## هەنگاوە پێشوەختەكانی روسیا دژبە توركیا

لەگەڵ روداوی خستنە خوارەوەی فرۆكە روسیەكە لە لایەن توركیاوە، ئەو پرسیارە هاتە پێشەوە كە دەبێت كاردانەوەو وەلآمی روسیا لە بەرامبەر توركیادا چی بێت و دەبێ روسیا پەنا بباتە بەر چ میكانیزمێك بۆ تۆڵەسەندنەوە لە توركیا؟ پاش روداوەكە، راستەوخۆ بالّوێزخانەی توركیا لە مۆسكۆ لەلایەن هاولآتیانەوە هێرشی كرایە سەر، ئەمەش فشارەكانی بۆسەر حكومەتی روسیا زیاتركرد، بۆیە پێویست بوو لەسەر روسیا هیچ نەبێت بۆ رازیكردنی رای گشتی ولآتەكەی توانای وەلآمدانەوەی خۆی بەرامبەر توركیا پیشان بدات.

ئەوەبوو هەمان رۆژ راستەوخۆ هەریەك لە (سەرۆك كۆمار، سەرۆك وەزیران، وەزیری دەرەوەی روسیا) بە یەك گوتار ئاماژەیان بۆ ئەوە كرد كە پێویستە حكومەتی مۆسكۆ كۆمەلّێك هەنگاوی پێشوەخت بگرێتەبەرو وەلآمی دەست درێژییەكەی توركیا بداتەوە.

ئاشکرایە پەنابردنەبەر کارتی بەکارهێنانی هێز وەك کاردانەوە لەلایەن روسیاوە کارتێکی گونجاو نییە، هەرچەندە روسیا لەروی سەربازییەوە تواناکانی بەتورکیا بەراورد ناکرێت، بەڵام ئەندامێتی تورکیا لە رێکخراوی ناتۆ، هۆکارە بۆ ئەوەی روسیا بیر لەکاردانەوەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی نەکاتەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی دوای ئەم روداوە، (ناتۆ) پشتگیری خۆی بۆ تورکیا دوپاتکردەوە. بۆیە ئەگەر بێت و روسیا پەلاماری سەربازی تورکیا بدات ئەوا راستەوخۆ خۆی لە بەرامبەر هێزی 28 دەوڵەتی ئەندامی ناتۆدا دەبینێتەوە، تەنها ژمارەی سەربازانی نزیکەی بە 7.3 ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت. جگە لەوەی روسیا روبەروی ئابلۆقەی ئابوری دەوڵەتانی خۆرئاوا بوەتەوە بەهۆی کێشەکانی ئۆکرانیاو نیوەدورگەی قرمەوە، هاوکات دەستتێوەردانی لە کێشەی سوریادا کردوەو لەو وڵاتەدا بەرەیەکی جەنگی بۆ خۆی کردوەتەوە، لەبەر ئەم هۆکارانە، لە ئێستادا ئەولەویەت نییە بۆ بژاردەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی (Hard power) لەلایەن روسیاوە دژ بە تورکیا، بەم پێیەش روسیا پەنای بۆ کارتی هێزی نەرم (Soft Power) و هێزی دیبلۆماسی و کارتی ئابوری بردوە بۆ وەڵامدانەوەی تورکیا.

لە رێکەوتی 2015/11/28 سەرۆك کۆماری روسیا (ڤلادیمێر پۆتین) مەرسومێکی کۆماری دەرکرد، بۆ گرتنەبەری کۆمەڵێك رێوشوێنی ئابوری دژی بە تورکیا، بەمەبەستی سزادان و ئابلۆقەدانی ئابوری ئەو وڵاتە، لەدیارترین بڕیارەکانیش بریتی بون لە:

1. بەشێوەیەکی کاتی هێنانی هەندێك بەرهەمی تورکی بۆ روسیا قەدەغە کرا.
2. لە سەرەتای ساڵی 2016 ەوە کارکردنی هاوڵاتیانی تورك لە روسیا قەدەغە دەکرێت. لەکاتێکدا ئەو بڕیارە ئەو تورکانە ناگرێتەوە کە ئێستا لەروسیادان.
3. رێگەنەدان بەدامەزراوە و رێکخراو و کۆمپانیا تورکیەکان بۆ راپەراندنی کارەکانیان لەناو روسیادا.
4. توندکردنەوەی چاودێری لەسەر کۆمپانیاکانی گواستنەوەی وشکانی و دەریای تورکیا لە دەریای رەش و دەریای ئەزۆفدا.
5. لە یەکی کانوونی دووەمی 2016ەوە روسیا تاك لایەنە گەشتی بێ ڤیزەی نێوان خۆی و تورکیا لادەبات، هاوکات لەو مێژووەوە ئەنجامدانی گەشتی کۆمپانیاکانی گەشتیاری بۆ تورکیا قەدەغە دەکرێت.
6. مۆڵەتی کارکردن لە سەری ساڵی نوێوە بۆ هیچ تورکێك لە روسیا نوێ ناکرێتەوە و دەبێت روسیاجێبهێڵن، بەڵام ئەم بریارە ئەو تورکانە ناگرێتەوە کە مۆڵەتی مانەوەیان هەیە لەروسیا.

پێویستە لەسەرەتای ساڵی نوێوە گەشتکردنی بازرگانی بۆ تورکیا رابگیرێت. لە بریارەکەشدا هاتووە، پێویستە سەرجەم نوسینگە گەشتیارییەکانی روسیا لەسەرەتای  ساڵی نوێوە گەشتی بازرگانی و گەشتیاری بۆ تورکیا رابگرن بلیتی فرۆکە بۆ سەردانی تورکیا نەفرۆشرن.

جگە لەبریارەکەی پۆتین، حکومەتی ڕوسیا لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵێك هەنگاوی تری لەبەرامبەر تورکیادا گرتە بەر کە دیارترینیان:

1. مۆسکۆ بەخێرایی کارکردنی بە سەرجەم رێککەوتنە سەربازیەکانی نێوان روسیاو تورکیای راگرت. دەستەی ئەرکانی سوپای روسیاش، رایگەیاند سەرجەم پەیوەندییە سەربازییەکانی لەگەڵ ئەنقەرەدا پچڕاندوە. تەنانەت ئەو هێڵە گەرمەی کە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری  نێوانیان سەبارەت بە هێرشە ئاسمانییەکانی ڕووسیا بۆ سەر سووریا دروستکرابوو. بڕیاریشیدا ئەو فڕۆکە روسیانەی کە داعش لەسوریا بۆردومان دەکەن، لەلایەن ژمارەیەك فڕۆکەی دیکەوە پارێزگارییان لێبکرێت، هەر ئامانجێك ببێتە مەترسی بۆ سەریان، لە ناوی دەبەن.
2. سێرگی شویگۆ، وەزیری بەرگریی روسیا ئاشکرای کرد کە وڵاتەکەی سیستمی بەرگریی (ئێس 400)ی لە سوریا بڵاوەپێکردوە بۆ رێگریکردن لە دوبارەبونەوەی هەر هێرشێکی ئاسمانی کە بکرێتە سەریان.
3. حکومەتی روسیا داوای لە هاوڵاتیانی وڵاتەکەی کرد کە لەم سەروبەندەدا و بەهۆی هەرەشەی تیرۆریستی گەشت بۆ تورکیا نەکەن. داواشی لەو هاوڵاتیانەی روسیا کرد کە لە وڵاتی تورکیان، بەخێرایی ئەو وڵاتە جێبهێڵن و بگەرێنەوە بۆ روسیا.  جێگری سەرۆکی یەکێتی رکۆمپانیاکانی گەشت و گوزاری ڕووسیا لە بەواری 2015/11/25 ڕایگەیاند کە سەرجەم کۆمپانیا گەشتیاریەکانی روسیا گەشتەکانیان بۆ تورکیا هەڵوەشاندوەتەوە و فرۆشتنی بلیتی تورکیاشیان ڕاگرتوە.
4. رۆژی 2015/11/26، 26 بازرگانی تورك لە شاری (کراسنۆدار)ی ڕووسیا دەستبەسەر کران، کە بە مەبەستی بەشداری کردن لە پێشانگای نێودەوڵەتی کشتوکاڵی (یوگارگۆ) سەردانی ئەو شارەیان کردبوو. بۆ ماوەی 10 رۆژ دەستبەسەرکران و دواتر دیپۆرت کرانەوە.
5. وەزیری کشتوکاڵی ڕووسیا لە 2015/11/26 ڕایگەیاند" وەزارەتەکەیان دەستەی چاودێری بازرگانی ڕووسیای ئاگادارکردوەتەوە کە چاودێری توند بخەنە سەر هاوردەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی تورکیا و خاڵەکانی پشکنینی سنورەکانی وڵات توندتر بکەن".

6. لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی ڕووسیا ڕایانگەیاند" کە لە بەرواری 2015/12/1 هاوردەی مریشك و هەرجۆرە گۆشتێکی سپی لەتورکیاوە ڕاگیراوە".
7. زیادکردنی گومرگ باجی سەر شمەکی هاوردە کە لەتورکیاوە دێتە خاکی روسیا. حکومەتی ڕوسیا دە بەرامبەر نرخی جاران باجی خستۆتە سەر شمەکەکان، بۆ ئەوەی کەمترین هاونیشتیمانی ڕوسی بەرهەمە تورکیەکان بکڕن، ئەمەش بەبڕوای ئابوری ناسان بۆ ولاتێکی گەورەی وەك ڕووسیا کە دانیشتوانەکەی (145) ملیۆن کەسە، بە ملیۆنان دۆلار زیان لە ئابوری تورکیا دەدات.
8. حکومەتی روسیاو وەزارەتی پەروەردەی ئەو ولاتە بریاریاندا سەرجەم ئەو خوێندکارانەی هەلگری پاسپۆرتی تورکیان و نیشتەجێی روسیان دیپۆرت بکرێنەوە بۆ ولاتەکەیان. بەلام بڕیارەکەیان خوێندکارانی کوردی باکووری کوردستان ناگرێتەوە، هەرچەندە هەلگری پاسپۆرتی تورکین.
9. وەك پشتیوانیەك بۆ ڕووسیا، کۆماری قرم سەرجەم پڕۆژەکانی تورکیای لە ولاتەکەیدا ڕاوەستاند. جێگری سەرۆك وەزیرانی قرم لە 2015/11/26 ڕایگەیاند " ئەوان وەك پشتگیریان بۆ مۆسکۆ بڕیاریانداوە کە 30 پڕۆژەی مەزنی تورکیا لە ولاتەکەیاندا رابگرن.
10. 2015/12/3 وەزیری وزەی ڕوسیا رایگەیاند "ئەوان پرۆژەی گازی (سیل ترکی – تورکیش ستریم)یان لەگەڵ حکومەتی تورکیادا هەڵپەساردووە، کە بریاربوو لەرێگای دەریای رەشەوە گازی روسیای هەناردەی تورکیا و ئەورووپا بکات".

سەرئەنجام مەبەستی ڕووسیا لە گرتنەبەری ئەم رێوشوێنانە بۆ ئەوەیە کە بتوانێت لەچەند ڕوویەکەوە فشار لەسەر حکومەتی تورکیا دروست بکات، بەتایبەت لەڕووی کەرتی "گەشتیاری، کشتوکاڵ، بەرهەم هێنانەوە". بەلام لەگەڵ ئەمەشدا، مەرج نییە ئەم کاردانەوانەی مۆسکۆ بۆ کۆتای هێنانی تەواوەتی بێت بەسەرجەم ئەو پەیوەندیە ئابوری و سیاسیانەی لەنێوان ئەم دو دەوڵەتەدا هەیە، بەڵکو ئەم بریارانەی مۆسکۆ کاتین و وەك ئەگەرێك لەم قۆناغەدا بەکاردەهێندرێن، چونکە هەردو ولات پەیوەندیەکی بەیەکداچوی هاوبەشیان هەیە، وا بەئاسانیش ناتوانن دەستبەرداری یەکدی ببن، لەبەر ئەمەش بڕینی پەیوەندییەکان بەشێوەیەکی یەکجاری زیانی گەورەی ئابوری بۆ بەرژەوەندی ئابوری هەردو ولاتەکە دەبێت.

بەدیاریکراوی روسیا لەم قۆناغەدا چەند ئامانجێکی هەیە بەرامبەر (تورکیا– ئەمریکا) و دەیەوێت لەرێگەی پاساوی خستنە خوارەوەی فرۆکە روسیەکە لە سوریا ئەو ئامانجانە بەدەست بخات، کە بریتین لە:

1. روسیا خوازیارە بە بیانوی جەنگی دژ بە داعش، راستەوخۆ دەست بخاتە ناو هاوکێشە سیاسیەکانی خۆرهەلأتی ناوەراست، ئەمەش بەمەبەستی رووبەڕوو بوونەوەی بەرژەوەندیەکانی تورکیاو ئەمریکا لە لە رۆژهەلأتی ناوەراستدا.
2. روسیا دەخوازێت لە سوریا جگە لە خۆی هیچ هێزێکی دیکە نەتوانێت هەژمونی بەسەر سیاسەتی ئەو ولأتەدا هەبێت.
3. روسیا مەبەستیەتی جەنگی ناوخۆی سوریا بەکاربهێنێت بۆ لەکۆڵ کردنەوەی تیرۆریستیە توندڕەوەکانی دانیشتوی هەرێمی چیچانی ڕوسیا کە چەندین ساڵە بە پاڵپشتی (سعودیە و قەتەر و تورکیا) ئاسایشی ناوخۆیی ڕوسیایان تێکداوە. لە دەستپێکی شۆرشی سوریاوە تا ساڵی 2014 نزیکەی 17 هەزار تێرۆرستی چیچانی و داغستانی و جۆرجی و ئەوروپایی لەژێر ناوی جیهاددا، هەرێمی چیچانی ڕوسیایان بەجێهێشتووە و لە ڕێگای تورکیاوە خۆیان گەیاندۆتە خاکی سوریا. بەم جۆرەش ڕوسیا توانیویەتی سوود لە جەنگی ناوخۆیی سوریا وەربگرێت بۆ دورخستنەوەی ئاگر و بەلأی تێرۆریستانی چیچانی لەناو خاك و هاولأتیانی خۆی.
4. روسیا لە ڕێگای هاوکاری کردنی ڕژێمی سوریاوە، توانیویەتی زۆرێك لە تێرۆریستانی چیچان لە ریزەکانی داعش لەناو ببات.
5. روسیا دەیەوێت گەرەنتی مانەوەی بەشار ئەسەدد بکات لە سوریا، بەم هۆکارە لەپاڵ بۆردومانی داعش بۆدومانی ناوچەکانی ژێردەستی ئۆپۆزسیۆنی سوریاش دەکات. بۆ نمونە بۆردومانکردنی ناوچەی (بایەر بۆجاق) کە ناوچەیەکی تورکمان نشینەو بەدەستی هێزە ئۆپۆزسۆینەکانی سوریاوەیە.
6. ئامانجی روسیا لاوازکردنی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و داعشە لەسەر رێگای (ئەعەزاز و جەرابلوس) بە تایبەت هێزە تورکمانەکان، وەك چۆن دەیەوێت خەونی دروستکردنی ناوچەی ئارام بەیەکجاری لەگۆر بنێت کە تورکیا خوازیارە لەو ناوچەیە دروستی بکات بۆ شکستهێنان بە پرۆژەی (پەیەدە) کە ئامانجی یەکپێگرتنەوەی هەرسێ کانتۆنی (جەزیرەو کۆبانی و عەفرین)ە.
7. روسیا پشتیوانی لە یەکینەکانی پاراستنی گەل دەکات لە بەشی باکور و رۆژئاوای سوریا، ئەوەش لەرێگای بۆردومانکردنی داعش و هێزە نەیارەکانیان.
8. چاودێرانی رووسیا دەڵێن، دوای ئەو رووداوە ئەگەرێکی بەهێز هەیە کە روسیا لە دژی تورکیا پشتگیری لە پەکەکە بکات، بەلأم هەندێکی دیکە وای بۆ دەچن، ئەگەر روسیا هەنگاوێکی لەو جۆرە بگرێتەبەر، لە

بەرامبەردا توركایش وەك كاردانەوەیەك دەست دەخاتە نێو كاروباری(قرم و چیچان) و ئەو دوو پرسە دژی مۆسكۆ بەكار دەهێنێت.

## زیانەكانی بڕینی پەیوەندی ئابوری توركیا و روسیا

## زیانەكانی بڕینی پەیوەندی ئابوری توركیا و روسیا

كاردانەوەی خستنەخوارەوەی فرۆكە روسیەكە لەلایەن توركیاوە كاریگەری لەسەر پەیوەندی ئابوری‌و ئاستی بازرگانی نێوان هەردو وڵات دروستكردوە و چاوەروان دەكرێت دەرئەنجامی نەرێنی بۆ هەردو وڵات لێبكەوێتەوە. بەو پێیەی هەردو وڵات لە ڕووی ئابوریەوە پشتیان بەیەك بەستووە بۆ پركردنەوەی بەشێك لە پێداویستیەكانیان، بەم پێیەش بریارەكانی مۆسكۆ تەنها زیان بە توركیا ناگەیەنێت، بەڵكو روسیاش لەم هەنگاوانە زەرەر مەند دەبێت.

بۆ نمونە ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ساڵانەی (موسكۆ و ئەنقەرە) لەنێوان 30–40 ملیار دۆلاردایە، لە ئەگەری پچڕانی(كاتی– هەمیشەی) پەیوەندی ئابووری نێوانیان، بێگومان زیانی ئابوری بەر هەردو وڵات دەكەوێت، بەڵام بە بڕ و قەبارەی جیاواز، لەم نێوانەشدا زەرەرمەندی یەكەم توركیا دەبێت و روسیاش بە پلەی دووەم زیانی ئابووری بەردەكەوێت.

لەبارەی زیانەكانی برینی پەیوەندی ئابوری نێوان روسیاو توركیا، سەرۆكی لیژنەی نێودەوڵەتی لە پەرلەمانی ڕوسیا پێی وایە حكومەتی وڵاتەكەی لەم رێگەیەوە دەتوانێت زیانی ئابوری بدات لە چوار كەرتی سەرەكی ئابووری توركیا بدات، لەوانەش كەرتی (گەشت و گوزار – كشتوكاڵ – كەرتی وەبەرهێنانی ناوخۆی و دەرەوەی توركیا – كەرتی بازرگانی).

(ئەحمەد داوود ئۆغلۆ)ش لەبارەی سزاكانی روسیا، لە رێكەوتی 2015/11/30 لە دوای كۆبوونەوەی لەگەڵ سكرتێری گشتی ناتۆ لە برۆكسل، رایگەیاند "پێویستە روسیا ئەو سزایانە هەڵبوەشێنێتەوە كە سەپاندوویەتی بەسەر توركیادا، چونكە توركیا نیازی وای نیـیە وەك كاردانەوە سزا بەسەر ڕووسیادا بسەپێنێت". ئەم لێدوانە دەریدەخات كە توركیا ئامادەیی تێدایە بۆ رێككەوتن لەگەڵ روسیا، چونكە هەنگاوەكانی روسیا زیانی ئابوری زۆر بۆ توركیا بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

## زیانەکانی بڕینی پەیوەندی ئابوری بۆ سەر تورکیا

ئاست و قەبارەی زیانە ئابورییەکانی گەمارۆکەی روسیا بۆ تورکیا پشت بە ئایندەی روداوەکان دەبەستێ، بەڵام دەتوانین بڵێین کۆی ئەو رێوشوێنە خێرایانەی حکومەتی روسیا گرتونیەتەبەر بۆ ئەو مەبەستەیە کە زیانی ئابوری لە تورکیا بدات، لێرەدا هەوڵدەدەین چەند نمونەیەکی زیانە ئابوریەکانی تورکیا بەهۆی بڕینی پەیوەندی ئابوری لەنێوان هەردو وڵاتدا بخەینە روو:

1. کارکردن بە رێککەوتنامەی هەڵگرتنی ڤیزە لە نێوان تورکیا و روسیا لەلایەن مۆسکۆوە هەڵپەسێردرا، هاوکات روسیا بە فەرمی رایگەیاند کە ڤیزە لە نێوان تورکیا و روسیا لە دوای ساڵی نوێوە دەبێت وەربگیرێ، واتە هەر هاوڵاتییەك بیەوێت بچێتە تورکیا و بە پێچەوانەشەوە پێویستی بە وەرگرتنی ڤیزە هەیە. وەك ئاشکراشە ساڵانە نزیکەی 4 ملیۆن هاوڵاتی ڕوسیا بە مەبەستی گەشتکردن ڕو لە تورکیا دەکەن، لە ئەگەری جێبەجێکردنی ئەم بریارەدا، تورکیا زیانی زۆری دارایی بەردەکەوێت. کە تەنها قازانجی پارساڵی تورکیا لەم بوارەدا بریتی بووە لە 36 ملیار دۆلار.
2. حکومەتی روسیا بریاریدا مۆڵەتی کارکردن لەو کۆمپانیا تورکییانە وەربگرێتەوە کە لە روسیادا کاردەکەن، کە داهاتی ساڵانەیان دەگاتە نزیکەی 50 ملیار دۆلار. ئەم بریارە ئەو کۆمپانیا تورکیانەش دەگرێتەوە کە لەبواری هەناردەکردنی کەلوپەل بۆ ڕوسیا کاردەکەن.
3. حکومەتی روسیا بڕیاریدا هاوردەکردنی گۆشتی سپی لە تورکیا رابگرێت، کە بەهاکەی بۆ تورکیا لە ساڵێکدا بە زیاتر لە 23 ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت.
4. تورکیا بە رێژەی 55٪ی پێداویستییەکانی لە بواری گاز لە روسیاوە هاوردە دەکات، کە دوەم کڕیاری گازی روسیایە دوای ئەڵمانیا. هاوکات تورکیا رێژەی 50 کارەبای ناوخۆی وڵاتەکەی بە گازی روسیا دابین دەکات، لە کەرتی وەبەرهێنان و پیشەسازی ناوخۆشدا سەدان کارگەی تورکی بە گازی سروشتی کارەکانیان رایی دەکەن، کەواتە ئەگەر روسیا بۆ ماوەیەکی زۆر کەمیش گاز لە تورکیا ببڕێت، ئەوا تورکیا زیانێکی دارایی گەورەی بەردەکەوێت.
5. روسیا 20٪ی پێداویستی سەوزە و میوەی لە وڵاتی تورکیاوە هاوردە دەکات، بۆ نمونە ساڵانە 366 تەن تەماتە لە تورکیاوە هاوردە دەکات، ئەگەر بێت و روسیا ئەم پەیوەندییە بازرگانیە

رابگرێت و بەدیلێك بدۆزێتەوە، وەك دەگوترێ میسر ئامادەی نیشانداوە، ئەوا زیانی گەورە بەر بازار و کەرتی کشتوکاڵی تورکی دەکەوێت.

6. تورکیا ساڵانە بەرامبەر بە بڕی 10 ملیۆن دۆلار گوڵ بۆ روسیا هەناردە دەکات، واتە روسیا ساڵانە 10 ملیۆن دۆلار بە گوڵی تورکی دەدات، بەڵام حکومەتی روسی بڕیارداوە رێگریش لەم بوارە بکات، بۆ نمونە رۆژی 27/11/ 2015 گومرگی روسیا رێگری کرد لە هاتنە ناوەوەی سێ بار گوڵی سروشتی تورکی بۆ ناو روسیا، ئەمە کاریگەری خراپ لەسەر کەرتی بازرگانی کشتوکاڵی تورکیا دروست دەکات.

بە کۆی گشتی پێدەچێت تورکیا لەرێگەی سزا ئابورییەکانی روسیاوە ساڵانە نزیکەی 20 ملیار دۆلار زیانی دارای بەربکەوێت.

## زیانەکانی بڕینی پەیوەندی ئابوری بۆ سەر روسیا

1. تورکیا لە ئێستادا رێگای سەرەکی ناردنە دەرەوەی گاز و نەوتی روسیایە بۆ ئەوروپا و جیهان، بەتایبەت پاش سزاکانی رۆژئاوا لەسەر روسیا بەهۆی دەست تێوەردانی لە دۆخی ئۆکرانیادا بەم جۆرە، لە ئێستادا رێگای ئۆکرانیا بۆ ناردنە دەرەوەی گاز و نەوتی روسیا داخراوە و تەنها تورکیا رێرەوی سەرەکی و پشت پێ بەستراوی روسیایە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر بێت و روسیا سوربێت لەسەر بڕیارەکانی، ئەوا دور نییە تورکیا بیر لە ئەڵتەرناتیڤی دیکە نەکاتەوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی وزە لە لایەن وڵاتانی وەك ( ئێران ، ئازەربایجان، نەیجیریا، قەتەر ...)وە، بەم جۆرە ئەگەر تورکیا رێگا بگرێت لە تێپەربونی گاز و نەوتی روسی بەخاکەکەیدا بۆ ئەوروپا، بۆ روسیاش گرانە بتوانێت ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەم دۆخە بدۆزێتەوە. کەواتە ئەگەر ئەم سیناریۆیە روبدات ئەوا زیانی گەورە بە ئابوری روسیا دەگەیەنێت، چونکە روسیا تەنها بە فرۆشتنی گازی سروشتی بە تورکیا ساڵانە نزیکەی 11 ملیار دۆلار قازانج دەکات، ئەوە جگە لەو قازانجە داراییەی کە لە رێگەی ناردنی گاز و نەوت بۆ بازارەکانی جیهان لە رێی تورکیاوە دەستی دەکەوێت.

2. راگرتنی کارکردن لە 30 پرۆژەی وەبەرهێنانی روسی لە ناو تورکیا، بە بەهای زیاتر لە 500 ملیۆن دۆلار.

3. توركیا یەكەم كڕیاری شمەكی ئامادەكراوی روسیە، لەدۆخی برینی ئەم پەیوەندیانەدا، روسیا سالانە نزیكەی 25 ملیار دۆلار زیانی بەردەكەوێت.

4. لەنێوان روسیاو توركیادا چەندین رێككەوتنامە هەیە لەبواری وزەدا و هەندێكیان چونەتە بواری جێبەجێكردنەوە، راگرتنی پەیوەندییەكانی نێوانیان، واتە راگرتن و هەڵپەساردنی ئەم پرۆژانە، كە تا ئێستا لە لایەن حكومەتی روسیاوە سەدان ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانكراوە و بەشێك لەكارەكانیشان تەواو بوە، لەوانەش:

- دروستكردنی 4 وێستگەی ئەتۆمی هاوبەشی روسیا و توركیا لە توركیا.
- بونیادنانی پرۆژەی گواستنەوەی گازی سروشتی روسیا، ئەم پرۆژەیە بە (سیل توركی) ناسراوەو 250 كیلۆمەتری دەكەوێتە خاكی توركیاوە و گازی روسیا، بە دو رێگە دەگەیەنێتە توركیا و ئەوروپا و بەهای پرۆژەكە 12 ملیار دۆلارە.

5. كۆمپانیای گازپرۆمی روسی، گازی روسیا بەنرخی دوو ئەوەندە بەتوركیا دەفرۆشێت بە بەراورد بە دەوڵەتانی یەكێتی ئەوروپا، توركیا گازی روسیا بەنرخی 418 دۆلار دەكرێت بۆ هەزار مەتری سێجا، بەڵام گاز پرۆم هەمان گاز بە نرخی 235 –242 دۆلار بە دەوڵەتانی یەكێتی ئەوروپا دەفرۆشێت، كەواتە توركیا جگە لەوەی كریاری سەرەكی گازی روسیایە هاوكات بە نرخی دوو ئەوەندە گاز لەروسیا دەكرێت، بۆیە لەئەگەری راگرتنی گرێبەستی فرۆشتنی گازی نێوانیان روسیا زیانێكی زۆری دارای بەردەكەوێت كە نزیكەی 15 ملیار دۆلار دەبێت لە ساڵێكدا.

## هەوڵە دبلۆماسیەكان بۆ هێوركردنەوەی دۆخەكە

بەمەبەستی هێوركردنەوەی دۆخەكە چەند وڵاتێك وەك (ئەمریكاو فەرەنسا و ئیتاڵیا و قەتەر) راستەوخۆ هاتونەتە سەرخەت، هاوكات رێكخراوی (نەتەوە یەكگرتوەكان، ناتۆ و یەكێتی ئەوروپا)ش بەهەمان شێوە، داوا دەكەن كێشەكان بەرێگای ئاشتیانەو دیبلۆماسیانە لەنێوان توركیاو روسیادا چارەسەر بكرێن، ئەمەش بۆئەوەی پەیوەندییەكانی نێوان هەردو وڵات روو لە ئاڵۆزبونی زیاتر نەكەن و دوژمنێكی هاوبەشی وەك داعش ئەم هەلە بۆ بەرژەوەندی خۆی نەقۆزێتەوە بەتایبەت سوریادا، هاوكات ململانێكەش لەسنوری نێوان دوو دەوڵەتەوە نەگۆرێت بۆ قۆناغی جەنگێكی نێودەوڵەتی و جیهانی.

(جۆن کێری) وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: داوای لە سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی روسیا کردوە، کە لە چەند رۆژی داهاتوودا، دیالۆگ لە نێوان تورکیا و رووسیا ئەنجام بدرێت و بە پێویستیشی زانیوە کە چارەسەری دیبۆماسی بۆ دۆخی سوریا بدۆزرێتەوە.

(باراك ئۆباما) سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە کۆنفرانسی گۆرانکارییەکانی کەش و هەوا لەپاریس، داوای لە روسیاو تورکیا کرد ململانێکانیان لەبارەی خستنە خوارەوەی فرۆکە روسیەکە بەرێگای دیبلۆماسی چارەسەربکەن و جەخت لەسەر دوژمنی هاوبەشیان بکەنەوە کە داعشە.

لەلایەکی دیکەوە (فدریکا مۆگیرینی)، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا رایدەگەیێنێت، بۆ کۆتاییهێنان بە گرژییەکانی نێوان تورکیا و رووسیا، یەکێتیەکەیان لەگەڵ ئەو دوو ولاّتەدا قسە دەکات و نێوندگیریان دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. راشیگەیاند"پێویستە هەوڵەکان چڕتربکرێنەوە بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە و تواناکانیش بخرێنە گەڕ بۆ دۆزینەوەی چارەسەری دیبلۆماسی".

(فلیپ بریدلەڤ) فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانانی ناتۆ لە ئەوروپا، دژی پەرەسەندنی گرژییەکانی نێوان ئەنقەرە و مۆسکۆیە و پێویستە کێشەکانی نێوانیان چارەسەری دیپلۆماسی بۆ بدۆزرێتەوە، دەشڵێت: تورکیا و ناتۆ نایانەوێت لەگەڵ روسیا بکەونە ئاستی پێکدادان و بەکارهێنانی هێز .

لای خۆشیەوە تورکیا لەیەکەم رۆژی روداوەکەوە خواستی خۆی نەشاردۆتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرژیەی کە لەنێوانیاندا هاتوەتە ئاراوە، لەم بارەیەوە (ئەردۆگان) لە پاریس رایگەیاند " لەیەکەم رۆژی روداوەکەوە داواکاری خۆمان پێشکەش بەروسیا کردوە بۆ کۆبونەوەی دوقۆڵی، تا ئێستاش چاوەڕێی وەلاّمی"، لەلایەکی دیکەشەوە، داوای لە روسیا کرد کێشەکەی نێوانیان بەرێگایەکی ئاشتیانە چارەسەر بکەن و نەگاتە ئاستێك کە زیان لە کۆی بەرژەوەندی و پەیوەندیەکانیان بگەیەنێت. بەلاّم روسیا تائێستا سورە لەسەر وەلاّمدانەوەی تورکیا لەرێگەی فشاری ئابورییەوە، لانی کەم بۆ ناچارکردنی تورکیا تا داوای لێبوردن لە روسیا بکات بەشێوەیەکی فەرمی، بەلاّم تورکیا ئامادەدە نییە داوای لێبوردن بکات و بەرپرسانی ئەو ولاّتەش دەڵێن پێویستە ئەو دەوڵەتەی پێشێلی سەروەری تورکیای کردووە داوای لێبوردن بکات.

دەشێت ئامانجی سەرەکی بەشێك لە هێزە ئەوروپیەکان بۆ نێوەندگیری و ناوبژیوانی نێوان روسیاو تورکیا لە ئێستادا، پەیوەندی هەبێت بە پێداویستییەکانی ئەوروپاو رۆژئاوا بە گازی سروشتی روسیا. وەك رێڕەویش پێویستیان بەتورکیایە بۆ گواستنەوەی گازی سروشتی بۆ ئەوروپاو رۆژئاوا. کەواتە دروست بونی کێشە لە نیوان تورکیاو روسیا بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری بۆسەر رۆژئاواو ئەوروپا دروست دەکات.

هاوکات بەشێك لە دەوڵەتانی نێوەندگیر هۆکاری سەرەکی کێشەکە بۆ ململانێی هەردوو وڵات لە سوریادا دەگەڕێننەوە، واتە ئەگەر بێت و کێشەی سوریا بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، ئەوا گشت لایەنەکان بەدیاریکراوی (روسیاو تورکیا) کۆتای بە کێشەکانیان دێت. بە پێچەوانەشەوە قوڵبونەوەی قەیرانی سوریا نەك بۆ تورکیاو روسیاو سوریا ئاکامی خراپی دەبێت، دور نییە سەر نەکێشێت بۆ قوڵبونەوەی قەیرانەکە بۆ ئاستی پێکدادانی نێودەوڵەتی.

لەدوایین گۆرانکاریدا، باڵوێزی روسیا لە ئەنقەرە (ئەندرێ کارلۆڤ) رایگەیاند "وڵاتەکەی سەبارەت بە خستنەوە خوارەوەی فرۆکە جەنگییەکەی، بە سێ مەرج لە حکومەتی تورکیا خۆش دەبێت". ئەویش بەم جۆرە:

1. سەرەتا تورکیا دەبێت داوای لێبوردنی فەرمی بکات.
2. سزای ئەو کەسانە بدات کە لەپشت خستنەخوارەوەی فرۆکە جەنگییەکەی روسیا بوون.
3. تورکیا دەبێت غەرامەی دارایی بەبەخشێت بە روسیا.

کارلۆف جەختی کردەوە کە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەر دوو وڵات بەو سێ مەرجەوە گرێدراوەو ئەگەر یەکێك لەو مەرجانە جێبەجێ نەکرێت، ئەوا هەر چەشنە گفتوگۆیەك بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیاو روسیا بێ ئەنجام دەبێت.

## ئەگەر و سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکان

بارودۆخی سیاسی و ئابوری نێوان روسیاو تورکیا لە ئێستادا رێگا خۆشکەرە بۆ پێشبینی و تاوتوێکردنی چەند سیناریۆ و ئەگەرێك، تا لە ئایندەدا روبدەن و گۆڕانکاری بەسەر ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردو دەوڵەتدا بهێنن، لە دیارترین سیناریۆکانیش بە پێی ئاستی پێشبینیکراو بریتین لە:

### سیناریۆی یەکەم: بەردەوام بونی گرژییەکان لەنێوان تورکیا و روسیا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو

یەکێك لە سیناریۆ هەرە بەهێزەکان بریتیە لە بەردەوامی دۆخی بارگرژی سیاسی و ئابوری نێوان تورکیا وروسیا وەك ئەوەی لە ئێستادا هەیە، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو (لە نێوان 6 مانگ بۆ ساڵێك) بەردەوامی دەبێت. ئەمەش یەکەم، پشت دەبەستێ بە بریارە سیاسی و سزا ئابورییەکانی روسیا بۆ سەر تورکیا، کە هەندێکیان وا بریارە لەساڵی نوێدا بخرێنەکار و جێبەجێبکرێن، دوەمیش پشت دەبەستێ بەو لێدوانە توندانەی هەردولا دژی یەکتر

دەیدەن، بەتایبەت ئەو تۆمەتانەی روسیا کە باسی ئەوە دەکات تورکیا بە بازرگانی کردن لەگەڵ داعشدا تێوەگلاوە.

بەم جۆرە، وا دەردەکەوێ کە لەلایەن روسیاوە خواستێکی زۆر هەبێ بۆ وەڵامدانەوە و سزادانی تورکیا ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتی بێت بەرامبەر خستنە خوارەوەی فرۆکە روسیەکە، بەجۆرێك کاریگەری بکاتە سەر تورکیا و جارێکی دیکە ئەو دەوڵەتە بەرامبەر روسیادا کاردانەوەی لەو جۆرە نەنوێنێت. سەر ئەنجام زەحمەتە ئەم سیناریۆیە سالێك زیاتر بخایەنێ، چونکە وەك چۆن لەم بارگرژیەدا تورکیا زیانی ئابوری بەردەکەوێت، بەهەمان شێوەش روسیا زەرەر مەند دەبێت. لە ئاکامدا ئەگەر دۆخەکە بە دیاریکراوی لەروی سیاسیشەوە ئاسایی نەبێتەوە، ئەوا ئاساییبونەوەی باری ئابوری نێوانیان ئەگەرێکی زۆر کراوەیە.

**سیناریۆی دووەم: ئاسایی بونەوەی دۆخەکە لەنێوان تورکیاو روسیا بەرێگای دیبلۆماسی**

یەکێکی دیکە لە سیناریۆکان بریتیە لە ئاساییبونەوەی دۆخی ئابوری و سیاسی نێوانیان لەماوەیەکی کورتدا (لەچەند مانگێکدا) بەرێگای دیبلۆماسی، ئەم سیناریۆیە پشت دەبەستێ بەو سیاسەتە ئابورییە هاوبەشەی کە لەنێوان هەردو دەوڵەتدا هەیە، بەو پێیەی هەردو دەوڵەت پێویستیەکی زۆریان بەیەکدی هەیە و بەپرەنسیپی متمانەکردنەسەر یەکدی (الاعتماد المتبادل) کاردەکەن، واتە لەئێستادا هیچ یەکێك لەم دوو دەوڵەتە ئەڵتەرناتیڤێکی گونجاویان لەبەردەستدا نییە بۆئەوەی لە حاڵەتی برینی پەیوەندیە ئابوریەکانیان، پشت بەدەوڵەتێکی دیکە ببەستن بۆ پرکردنەوەی پێداویستیەکانیان، بۆ نمونە روسیا پشت بە تورکیا دەبەستێ بۆ ناردنە دەرەوەی سەرچاوەکانی وزە بۆ ئەوروپا، هاوکات پشت بە شمەکی خواردەمەنی و سەرچاوەی هاوردەکراوی شمەکی خاوی پیشەسازی تورکی دەبەستێ. لە بەرامبەردا بربرەی پشتی کەرتی گەشتوگوزار و بەرهەمهێنان و پیشەسازی تورکیا پشت بە هاوڵاتیانی روس و گازی روسی دەبەستێ. لە سەرو بەندی هەفتەی یەکەمی روداوەکانیش، ئەو باس و خواستە کرا، بۆ نمونە روسیا لە بری شمەکی خواردەمەنی و میوە دەتوانێ پشت بە وڵاتێکی دیکەی وەك میسر ببەستێ، بەڵام تا ئێستا ئەم هەنگاوە نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە پێدەچێت لەروی داراییەوە قورسیاییەکی زۆر بخاتە سەر روسیا، وەك چۆن تورکیا کریاری یەکەمی گازی روسییە و بەدوقاتی ئەوروپا گاز لە تورکیا دەکرێت، ئەگەر بێت و روسیا لە تورکیا داببڕێ ئەوا پێناچێت دەروازەی ناردنە دەرەوەی گازی بۆ وڵاتانی ئەوروپا بە ئاسان دەست بکەوێ، نە کڕیارێکی گونجاوی وەك

تورکیاشی بەدەست بکەوێت. وەزیری دارایی روسیا (ئەنتوان سۆڤانۆڤ) پارساڵ پاش سزاکانی خۆرئاوا بۆ سەر روسیا و دابەزینی نرخی نەوت، رایگەیاند "روسیا بەهۆی سزاکانی خۆرئاواوە ساڵانە نزیکەی 40 ملیار دۆلار زیانی پێدەگات، هەروەها زیانی نزیکەی 90-100 ملیار دۆلار بەهۆی دابەزینی 30٪ نرخی نەوت پێدەگات". کەواتە قورسە لەم کاتەدا روسیا بتوانێ دەستەبەداری تورکیا بێت، چونکە لە ئەنجامدا نزیکەی 15 ملیار دۆلاری زیانی بەردەکەوێت، تەنها لەرێگەی برینی هەناردەی گاز بۆ تورکیا.

هەروەك چۆن تورکیا ئێستا لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی لە بری روسیا پشت بەگازی چەند وڵات و ناوچەیەکی وەك (ئازەربایجان و تورکمانستان و قەتەر و هەرێمی کوردستان) ببەستێ، بەڵام چاودێران پێیان وایە بۆ تورکیا قورسە بتوانێ ئەو پێداویستییە لەگازی ئەو دەوڵەتانەوە بەدەست بهێنێت، چونکە تا ئێستاش روسیا هەژمونی بەسەر ئازەربایجان و تورکمانستاندا هەیە، قەتەریش دەروازیەکی کراوەی وشکانی لەبەردەمدا نییە بۆ ناردنی ئەو برە زۆرە گازە بۆ تورکیا، هەرێمیش توانای دابینکردنی ئەو برە زۆرە گازەی نیە بۆ تورکیا.

لە نوێترین هەنگاویشیدا تورکیا دەخوازێت پەنا بباتە بەر ئیسرائیل، بەم هۆیە لە رێکەوتی 2015/12/17 لەپاش پێنج ساڵ لە برینی پەیوەندییەکانی نێوانیان، ئیسرائیل و تورکیا بەنهێنی لە سویسرا کۆبونەوە، وەك دەگوترێت لەسەر چەند پرسێك گەیشتونەتەنە رێککەوتن کە یەکێك لەخاڵەکانی رێکەوتنەکە پەیوەندیدارە بە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی نێوانیان لەبارەی گازی سروشتی ئیسرائیلەوە. ئەگەر بێت و ئەم رێکەوتنەش ئەنجامی هەبێت بۆ تورکیا، ئەوا چونە بواری جێبەجێکردنی پرۆژەی ناردنی گازی ئیسرائیل بۆ تورکیا چەند ساڵێکی پێویست دەبێت، بەم شێوەیەش ئیسرائیل لەم قۆناغەدا بۆ تورکیا نابێتە ئەڵتەرناتیڤێکی تەواو گونجاو.

کەواتە دور نییە روسیاو تورکیا پاش ماوەیەك و لە ئایندەیەکی نزیکدا پەیوەندییە ئابورییەکانی نێوانیان دەست پێبکەنەوە و دۆخەکە بگەرێننەوە بۆ پێش 2015/11/24. ئەم خواستەش سەرەرای گوتارە توندەکانی نێوان سەرکردایەتی هەردو دەوڵەت، لە بەشێك لە لێدوانەکانی دیکەدا دەردەکەوێت، کاتێك ئاماژە بۆ ئاساییبونەوەی دۆخەکە دەکەن، وەك ئەوەی وەزیری نەوتی روسیا (ئەناتۆلی یانۆفسکی) رۆژێك دوای روداوەکە رایگەیاند" خستنە خوارەوەی فرۆکەیەکی روسی لە سوریا، کاریگەری نابێت بۆ سەر تەواوی رێککەوتنامەکانی نێوان هەردو دەوڵەت، بەتایبەت لە بواری وزەدا"، (ئەردۆگان)یش رایگەیاند "لە یەکەم رۆژی روداوەکەوە ئێمە لەسەر هێڵین بۆ ئەوەی کێشەکە لەکەمترین ماوەدا چارەسەر بکەین و دۆخی نێوان هەردو وڵات ئاسایی بکەینەوە

و تەرکیز بخەینە سەر دوژمنی هاوبەشی نێوانمان کە داعشە". دواجار بە پلەی یەکەم تورکیا قازانج دەکات ئەگەر بارودۆخەکە هێورببێتەوە، چونکە مۆسکۆ ئەگەر کارتی سەربازی بەکار نەهێنێت، ئەوا دەتوانێ سزای توووندی ئابوری بخاتە سەر ئەنقەرە.

**سیناریۆی سێهەم: پێکدادانی سەربازی بەشێوەی (راستەوخۆ و ناراستەوخۆ)**

أ. **پێکدادانی سەربازی راستەوخۆ:** ئەم سیناریۆیە لە ئێستادا دورترین سیناریۆیە کە ئەگەری روودانی هەبێت، لەبەر چەند هۆکارێك:

1. راستە روسیا لە ئێستادا سوپاکەی لەڕیزبەندی دووەمی بەهێزترینی سوپای جیهاندایە، بەڵام لە بەرامبەردا تورکیا ئەندامی رێکخراوی ناتۆیە و ئەم رێکخراوە لە ئێستادا 28 دەوڵەتی لەخۆ گرتوەو خاوەنی 7.3 ملیۆن سەربازی مەیدانیە، بەپێی ماددەی 5 رێکەوتنی 4 ئەپرێلی 1949 واشنتۆن، کە ئێستا بوەتە پەیرەوی ئەم رێکخراوە دەڵێت" هەرکات دەوڵەتێکی ئەندامی رێکخراوی ناتۆ روبەروی هێرشێکی دوژمنکارانەی دەوڵەتێکی دیکە هاتەوە، ئەوا وەك ئەوەیە کۆی دەوڵەتانی ناتۆ روبەروی ئەم هێرشە دوژمنکارانەیە بوبێتنەوە، بۆیە دەبێت بە دەستەجەمعی و بەکۆمەڵ روبەروی ئەو مەترسیە بوەستنەوە"، تورکیاش دڵنیایە ئەم رێکخراوە لەپشتی دەوەستێتەوە، واتە ئەستەمە تورکیا بەتەنها بتوانێ بریاری خستنە خوارەوەی فرۆکەی روسی بدات، چونکە لە ساڵی 1952ەوەوە تا ئێستا ئەمە بۆ یەکەم جارە وڵاتێکی ئەندامی ناتۆ توانیبێتی فرۆکەیی روسی بخاتە خوارەوە.

کەواتە ئەگەر لەم کاتەدا روسیا پەنا بباتە بەر هێرشی سەربازی بۆ سەر تورکیا، ئەوا راستەوخۆ روبەروی 28 دەوڵەتی ناتۆ دەبێتەوە، لەم بارەیەشەوە (یەنس شتۆڵتنبێرگ)، سکرتێری گشتیی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) لە وتارێکدا پشتگیریی و پشتیوانیی تەواوی ناتۆی بۆ تورکیا راگەیاند و گوتی "بەرجەستەکردنی پشتیوانیی سەربازیی بۆ تورکیا ئەرکێکی سەرشانی ناتۆیە و بەم نزیکانە سوپایەکی گەورەی ناتۆ بەرەو دەریای سپی دەڕوات کە هەموو جۆرە چەکێکی پێشکەوتوو و قورسی هەڵگرتووە". ئەوە جگە لەوەی تورکیا لە پلەی 10 بەهێزترین سوپای جیهاندا دێت، کەواتە پەلاماردانی راستەوخۆ لەنێوان تورکیاو روسیا، نەك زیان بەهەردو دەوڵەت دەگەیەنێت، بەڵکو سەرەتایەکیش دەبێت بۆ گواستنەوەی ئەو جەنگە بۆ سنورێکی بەرفراوان. هاوکات رەنگە بۆ پۆتین،

کاردانەوەی ئۆباما و ناتۆ جێگای نیگەرانی بێ، کە بەزوویی پشتیوانی خۆیان بۆ ئەنقەرە دەربڕی. بێگومان ئەمە زەنگێك بوو بۆ ئەوەی لانی کەم پۆتین ەم قۆناغەدا بیر لە کارتی سەربازی نەکاتەوە.

کەواتە لە ئێستادا پێکدادانی سەربازی ئەگەرێکی دورە. چاودێرانیش کۆکن لەسەر ئەوەی روسیا هێرشی سەربازی ناکاتە سەر تورکیا، چونکە ناتوانێ دژی ناتۆ بوەستێتەوە، بۆیە باشترین کارتی روسیا لە ئێستادا کارتی سزادانی ئابورییە.

2. بەرژەوەندی ئابوری نێوان روسیاو تورکیا، بەتایبەت پرۆژەکانی کەرتی وزە و چوار وێستگەی ئەتۆمی (ئاك کۆیۆ) و پرۆژەی گواستنەوەی گازی روسیا بۆ تورکیاو رۆژئاوا (تورکیش ستریم)، دیارترین بەربەستی بەردەم روسیاو تورکیان بۆ روبەروبونەوەی سەربازی و پەنابردنە بەردەم بەکارهێنانی (hard power) هێزی زبر دژ بەیەکدی، چونکە راگەیاندنی جەنگ واتە کۆتای هێنان و راگەیاندنی مەرگی ئەو پرۆژە هاوبەشانەی نێوان روسیا و تورکیایە، کە تائێستا دەیان ملیار دۆلار خەرجکراوە بۆ جێبەجێکردن و بەرهەمهێنانیان.

3. پەلاماردانی تورکیا لەلایەن روسیاوە واتە داخستنی گەروی (بسفۆر و دەردەنیل) لە لایەن تورکیاوە بەروی کەشتیە روسیەکاندا، یاسا نێودەوڵەتیەکان رێگای بە تورکیا داوە بە پێی رێککەوتنامەی (مۆنترۆ) ساڵی 1936 لە مادەی 5 دەڵێت "تەنها لەیەك حاڵەتدا تورکیا دەتوانێ ئەم گەروانە دابخات کاتێك تورکیا لەگەڵ دەوڵەتێك بچێتە جەنگەوە، ئەوکات هەردو گەروەکە بەروی کەشتیەکانی ئەو دەوڵەتەدا دا دەخات کە دوژمنداری و جەنگی لەگەڵ ئەنقەرەدا هەیە"، بەم پێیەش تورکیا ئەو مافەی دەبێت رێگری لە کەشتی گەلی روسیا بکات، تاوەکو بەگەروی بسفۆردا تێبپەرن و بێنە دەریای مەرمەرە، لەوێشەوە بە گەروی دەردەنیلدا خۆیان بگەیەننە دەریای سپی ناوەراست و لەوێشەوە بۆ ئەوروپا. ئەمەش زیانێکی گەورەی سیاسی و سەربازی و ئابوری بە روسیا دەگەیەنێ. بەتایبەت کە لە ئێستادا روسیا ئەو گەروانە بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی هاوکاری سەربازی بەرژێمی سوریا.




ب. **پێکدادانی سەربازی ناراستەوخۆ:** ئەم ئەگەرەیان زیاتر چانسی روودانی هەیە، وەك لەئەگەری جەنگ و بەریەککەوتنی راستەوخۆ، دەکرێت هەردو دەوڵەت لە جەنگی ساردی خۆیان بەردەوام بن و لەلایەکی دیکەوە پەنا ببەنە بەردەم بەکارهێنانی کارتی سەربازی دژ بەیەکدی، بەڵام بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ و لەدەرەوەی سنوری جوگرافی هەردو دەوڵەتەکە، وەك ئەوەی تورکیا لە ئاسمانی سوریا بەرامبەر روسیا گرتیەبەر، دور نیە روسیا بە پاساوی جیا جیا لە ئاسمانی سوریا وەڵامی تورکیا بداتەوەو هێرش بکاتە سەر ئەو فرۆکە تورکیانەی داعش لەسەر سنوری تورکیاو سوریا بۆردومان دەکەن، یاخود پەلاماری ناوچە تورکمانیەکانی سوریا بدات لە (چیای تورکمان و بایەر بۆجاق)، یاخود لە عێراق هاوکاری هێزە چەکدارو گروپە میلیشیکانی حەشدی شەعبی بکات بۆ پەلاماردانی ئەو بنکە سەربازیەی تورکیا کە ماوەیەکە لە نزیك سنوری موسڵ دایمەزراندوە، یاخود هاوکاری هێزەکانی پەکەکەو یەپەگەو یەپەژە بکات بۆ گورز وەشاندن لە بەرژەوەندی تورکیا لە عێراق و سوریا. بێگومان لە بەرامبەردا تورکیاش دەتوانێت بەهەمان شێوە وەڵامی روسیا بداتەوە، بەمیکانیزمی وەڵامدانەوەی ناراستەوخۆ لەرێگەی

هێزگەلێکی دیکەوە. لە رابدوشدا ئەم ئەزمونە بۆ گورز وەشاندن لە یەکدی لەلایەن هەردو دەوڵەتەوە تاقیکراوەتەوە.

## کورد لەنێو ململانیٚ و جەمسەرگیری هێزەکاندا

هەڵکەوتەی جوگرافی کوردستان بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، لەرابردو ئێستاشدا هەمیشە ڕۆڵی سەرەکی و گرنگی هەبووە لە ململانێی جەمسەرگیری هێزەکاندا، رۆڵ و کاریگەری و گرنگی جوگرافیای کوردستان بەتایبەت پاش جەنگی داعش لە لایەن هێزە نێودەوڵەتیەکانەوە زیاتر دەرکەوت.

بۆیە چاوەروان دەکرێت کوردیش ببێتە خاڵی ململانێکانی نێوان تورکیاو روسیا، بە جۆرێك هەردو هێز کورد بکەنە کارت و میکانیزمی فشار دروست کردن لەسەر یەکتری، وەك چۆن لە رابردودا چەند لایەنێك بەو جۆرە کراونەتە کارتی ململانێی هەردوو دەوڵەتەکە، وەکو (ئیسلامیەکانی روسیاو چیچان). بۆیە دەبێت کورد هەوڵبدات زۆرترین سود لەم هەڵکەوتە جوگرافیایەی خۆی ببینێت.

ئەگەر هەیە لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە، پشت بەست بە ئەجێندای دەوڵەتانی زلهێز، هێزە کوردیە جیاوازەکانی کوردستان دژ بە بەرژوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی بەکاربهێندرێن، چونکە ڕوسیا پاش قوڵبونەوەی کێشە سیاسیەکانی لەگەڵ تورکیا، ئەولەویەت دەداتە گواستنەوەی ململانێکانی لەگەڵ تورکیا بۆ بەشی کوردستانی باکور و باشور و رۆژئاوا. بۆ نمونە ئەگەر هەیە کەرتی نەوت و گازی هەرێم بەهۆی پێکدادانە سەربازیەکانی نێوان تورکیا و پەکەکە زیانی بەربکەوێت، بە دیاریکراوی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە ڕێگای بۆریە نەوتیەکانی تورکیا و بەندەری جیهانەوە. ئەمەش پاش ئەوەی دەرکەوتوە کە تورکیا دەخوازێت هەرێم بکاتە یەکێك لە شوێنگرەوەکانی روسیا بۆ پرکردنەوەی پێداویستیەکانی لە گازی سروشتی. ئەمەش روسیا هاندەدات بۆ فشار خستنە سەر کورد، بەم شێوەیەش کێشە داراییەکانی هەرێم قوڵتر دەبنەوە، بە پێچەوانەشەوە لە ئێستادا ئەگەر بێت و مامەڵەکردنی کوردەکانی باشور لەگەڵ ڕوسیاو ئێران زیاد بکات، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچونی پەیوەندی و پشتیوانی هێزەکانی هاوپەیمان و ئەمریکا بۆ هێزی پێشمەرگەو حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر جەنگی داعش و مەسەلەکانی تردا.

لە لایەکی دیکەشەوە پێدەچێت بەشی باشور و رۆژئاوای کوردستان ببنە جێگای ململانیێ نێوان ئەمریکاو روسیا لەقۆناغی ئایندەدا. بۆیە پێویستەکورد بە هەستیارییەوە و بەهاوسەنگی لەنێوان دوو گەورە زلهێزی

جیهانی (ئەمریکا و ڕوسیا) مامەڵە بکات، وەك چۆن لە ئێستادا پەیەدە لە رۆژئاوا مامەڵە دەکات، چونکە هەر هەنگاوێکی پێچەوانە دەرئەنجامی مەترسیدارو زیانی بۆ کورد لیٚ چاوەروان دەکرێت

بەم جۆرە لە ئێستادا جیهان و ناوچەکە کەوتۆەتە نێو ململانێی دوو جەمسەری نێودەوڵەتی و فرە جەمسەری هەرێمی هێزەکانەوە، کوردیش لەم هاوکێشە نوێیەدا توانای مانۆڕ و هاوپەیمانی زیاتر دەبێت. دەشتوانیٚ پشتیوانی و لایەنگری لە هیچ جەمسەرگیریەك نەکات و دۆخی بێلایەنی (عدم الانحیاز) هەڵبژێرێت، چونکە لە ئێستادا ململانێی هێزە گەورەکان بە شەڕی بە وەکالەت بەڕێوەدەچن و هێزە بچوکەکانیش زەرەرمەندی یەکەم دەبن و باجی ململانێی هێزە گەورەکان دەدەن.

## ئەنجام

1. تورکیاو روسیا پەیوەندییەکی هاوبەش و گشتگیری ئابورییان لەگەڵ یەکدا هەیە، بەجۆرێك کە هیچ یەکێك لەم دو دەوڵەتە ناتوانێت وا بەئاسانی دەستبەرداری لایەنی بەرامبەر ببێت، چونکە پەیوەندییەکانیان لەسەر بنەمای متمانە کردن بەکتر دەروات بەرێوە، واتە هیچ یەکێك لەم دوو دەوڵەتە ناتوانن پشت بە ئەڵتەرناتیڤ و دروستکردنی دەوڵەتی جێگرەوە ببەستن، لەبەر ئەو پێکەوە گونجان و تێکەڵبونەی سنورو جوگرافیا و مێژوی پەیوەندیی ئابوری و کۆمەڵایەتیەی کە بۆ نزیکەی چوار سەددە دەگەرێتەوە.
2. پێدەچێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پەیوەندییە ئابورییەکانی نێوان روسیاو تورکیا بەهەڵپەسێردراوی بمێننەوە، ئەوەش پەیوەستە بەکێشە سیاسیە کەڵەکەبوەکانی نێوان هەردو دەوڵەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێناچێت هەڵپەساردنی پەیوەندییە ئابوریەکانیان بۆ زیاتر لەساڵێك بەردەوام بێت. ئەوەش بەهۆی ئەو پێویستیە زۆرەی روسیایە بە تورکیا بە پێچەوانەشەوە، بۆ نمونە روسیا لە ئێستادا دەروازەی ئۆکرانیای بۆ ناردنی گاز بۆ ئەوروپا بەڕودا داخراوە، تەنها دەروازەی تورکیای بۆ ماوەتەوە، ئەگەر بێت و ئەم دەروازەیەش بۆ هەناردەی گاز بەروی خۆیدا دابخات، ئەوا بێگومان ئاستی زیانە داراییەکانی زۆرتر دەبن و قەیرانە داراییەکانی ولاَتەکەشی قوڵتر دەبنەوە، چونکە لەئێستادا روسیا گیرۆدەی سزا ئابورییەکانی رۆژئاوایە و بەهۆیەوە نزیکەی 40ملیار دۆلار زیانی بەرکەوتوە، ئەگەر تورکیاش بایکۆت بکات، ئەوا بەکۆی گشتی نزیکەی 20 ملیار دۆلاری زیان پێدەگات. ئەمەش بارگرانیەکی گەورە بۆ سەر ئابوری روسیا دروست دەکات. هەروەك چۆن لەئێستادا روسیا ناتوانێ جێگرەوەیەکی گونجاو لە جێگەی تورکیا بدۆزێتەوە بۆ دابینکردنی ئەو پێداویستیانەی کە تورکیا پێشتر بۆی دابین دەکرد. هەربۆیە دواجار ئاساییبونەوەی پەیوەندی نێوانیان ئەگەرێکی کراوەیە.
3. تورکیا ناتوانێت جێگرەوەی گونجاو بۆ روسیا لە بارەی هاوردەکردنی گازی سروشتی بدۆزێتەوە، هەرچەندە لەهەوڵدایە تا لە ولاَتانی تری وەك (ئێران، ئازەربایجان، قەتەر، نەیجیریا ...) رێژەی ئەو 50٪ گازە پربکاتەوە کە لەلایەن روسیاوە هاوردەی دەکرد، بەلاَم ئەستەمە تورکیا بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی و جوگرافی تەنانەت ئابوریش بتوانێ لەرێگەی گازی ئەو ولاَتانەوە پێداویستیەکانی لە گاز پربکاتەوە، ئەوە جگە لەو زیانە گەورەیەی بەهۆی هەڵپەساردنی گەشتی هاولاَتیانی روس بەر کەرتی

گەشت و گوزاری تورکیا کەوت، تەنها لەماوەی هەفتەیەکدا بە دەیان ملیۆن دۆلار خەملێندراوە، کەواتە تورکیا زەرەر مەندی یەکەم دەبێت لە هەڵپەساردنی پەیوەندییە ئابوریەکانی نێوان روسیاو تورکیا، لەبەر ئەمەش هەموو هەوڵێکی دیبلۆماسی دەخاتە گەر بۆ دانیشتن لەگەڵ روسیاو چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانیان بەرێگای دانوستان و کۆتای پێهێنان بەو کێشە ئابوریەی چاوەروانکراوەی کە بەهۆی روسیاوە دوچاری تورکیا دەبێت لە ئایندەدا.

4. کێشەی نێوان تورکیاو روسیا تەنها کێشەیەك نییە کەپەیوەست بێت بە ململانێی نێوان دو دەوڵەتی بەهێزی سەربازی و سیاسی و ئابوری لەسەر ئاستی جیهان، بەڵکو بەشێك لەکێشەکە پەیوەندی بەو جەمسەرگیری هێزەی کە لە ئێستادا هەیەو هاوشێوەی سەردەمی جەنگی سارد جیهانی بەسەر دو بەرەدا دابەشکردوە، روسیاو تورکیاش هەریەکێکیان سەر بەیەکێك لەو دوو جەمسەرگیریەن. لە ئێستادا بەهۆی کێشەیەکی وەك سوریا ئەم دو هێزەی هەردو بەرە جیاوازەکە دەبنە دوو کارەکتەری سەرەکی ململانێ گەورەکە، وەك چۆن پێشبینیش دەکرێت لە کاتێکی دیکەدا ئەم رۆڵەی تورکیاو روسیا بگوازرێتەوە بۆ دوو دەوڵەتی دیکەی ململانێکەری هەردو جەمسەرەکە، ئەمە لەماوەی رابردوداو لە کێشەی جەنگی ناوخۆی یەمەندا بەدیکرا، کاتێك هەریەك لە سعودییە و ئێران دوو کارەکتەری سەرەکی جێبەجێکاری سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتی دوو هاوپەیمانێتیە گەورەکە بون.

5. تورکیاو روسیا لەئێستادا وەك دوو دەوڵەتی بەهێزی جیهانی خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت، بێگومان رۆڵی یەکەم لە بەهێزبونی هەردو وڵات بۆ کەسایەتی هەردوو سەرۆك (پۆتین و ئەردۆگان) دەگەرێتەوە، پۆتین دەخوازێت روسیا لەو گەمارۆ سیاسیە رزگاربکات کە بەهۆی جەنگی سارده و کێشەی ئۆکرانیاوە خراوەتە سەر دەوڵەتەکەی، بەجۆرێك دەخوازێت بگەرێتەوە بۆ نێو هاوکێشە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان و لە ململانێی هێزی جیهانیدا رۆڵی سەرەکی بگێرێت، لە ئێستاشدا روسیا لەسەر دەستی ئەم سەرۆکە خەون بە شانازی و سەروەرییەکانی مێژوی رابردوی قەیسەری روسیاوە دەبینێت و هەوڵدەدات لەرێی هەژمونی هێز بەسەر ناوچەیەکی بەرفراوان بە تایبەت لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا ئەو خواستەی بەجێ بهێنێت. ئەردۆگانیش بەهەمان شێوە خەون بەشانازییەکانی سەددەکانی رابردوی سوڵتانە عوسمانیەکان دەبینێت، کاتێك تورکیا بوو بووە ناوەندی بریاری سیاسی و ئابوری و کلتوری جیهانی، دیارترین هەنگاوەکانی ئەردۆگانیش لەم پێناوەدا، خۆی لەگۆرانکاری ریشەیی ناوخۆ وەك (گۆرینی سیستمی سیاسی بۆ سەرۆکایەتی) دەبینێتەوە.

ئەردۆگان لە دەرەوەی تورکیاش دەخوازێت تورکیا بتوانێت رۆڵی زیاتر بگێرێت بە تایبەت لەسەر ئاستی هەرێمی و بتوانێت رابەرایەتی کیشوەر و ناوەندی ئۆراسیا بکات.

6. پێناچێت ئاستی ململانێکانی نێوان تورکیاو روسیا بە شێوەیەك قولبێتەوە کە بگاتە ئاستی بەکارهێنانی هێزی سەربازی راستەوخۆو دژ بەیەك، بەلآم دورنیە کە هەردو دەوڵەت پەنا ببەنە بەر فشار خستنە سەر یەکتری، ئەوەش لەرێی پێکدادانی ناراستەوخۆ و لە دەرەوەی سنوری هەردو دەوڵەت. بۆنمونە روسیا هەڵدەستێت بە بۆردومانکردنی تورکمانەکانی ناوچەی (بایەر بۆجاق) لەسەر سنوری سوریا و تورکیا، هاوکات هەوڵدەدات پاڵپشتی یەکینەکانی پەیەدە لە باکوری سوریادا بکات بۆ گرتنەوەی ناوچەی نێوان هەردو سنوری (جەرابلوس و ئەعزاز) بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی سێ کانتۆنی (جزیرەو کۆبانی و عەفرین)، لەبەر ئەوە روسیا لە لایەك بۆردومانی ناوچەی ئەعزاز دەکات کە هێزی ئۆپۆزسیۆنی سوریای تێدایە، لەلایەکی دیکەش بۆردومانی جەرابلوس دەکات کە داعشی تێدایە.

7. روسیا بە بۆمبارانکردنی ناوچەکانی سەر سنوری سوریا و تورکیا، خەونی ناوچەی ئارامی بۆ تورکیا لەگۆرنا. کاتێك کە تورکیا هەوڵیدەدا لە جرابلوسەوە بۆ کەنارەکانی دەریای سپی، ناوچەیەکی ئارام لە سوریادا دروست بکات، ئەمەش لەلایەك بۆ پاراستنی ئەو هێزانەی کە دژ بە رژێمی بەشار ئەسەدن ، لەلایەکی دیکەش بۆ رێگری بوو لە یەکگرتنەوەی هەرسێ کانتۆنە کوردییەکە (جزیرە و کۆبانی و عفرین) لە رۆژئاوا. هەرچەندە ئەم هەنگاوە لای تورکیا بۆ پاراستنی ئاوارەکان و گەرانەوەیان بۆ خاکی سوریا راڤەی بۆ دەکرا، بەلآم لە بنچینەدا گەمارۆدانی کانتۆنی عفرین و لازقیەی عەلەوی نشین و هاوکاری بۆ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریا دیارترین ئامانجی ئەم ستراتیجەی تورکیا بوو.

8. روسیا چەند ئامانجێکی هەیە لەهاتنە ناوەوەی بۆ نێو ململانێکانی خۆرهەلآتی ناوەراست بەتایبەت لە(سوریا و عێراق) کە خۆی دەبینێتەوە، لە بەهێزکردنی هەژمونی بەرەی هاوپەیمانی (روسیاو ئێران و دەوڵەتانی شیعەی ناوچەکە) لەبەرامبەر بەرەی هاوپەیمانانی ئەمریکا (تورکیا، سعودیە، قەتەر...). هاوکات پاراستن و مانەوەی رژێمی ئەسەد لە سوریا و لێدان لە رێکخراوی داعش بەدیاریکراوی لەناو سوریا، سەرئەنجام ئەم پرۆژەیە جگە لە هاوکاریکردنی رژێمەکەی ئەسەد، هاوکاری و پشتیوانی کورد دەکات لە رۆژئاوادا، وەك چۆن دەبێتە هۆی لاوازبونی رێکخراوی داعش لەسەر ئاستی ناوچەکە.

## سەرچاوەكان


1. ا.م.د. نزار اسماعيل عبدالطيف، التنافس الروسى – التركى على الاقليم البلقان بعدة الخسارة الحرب الباردة، مجلة علوم السياسية، عدد 37، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد.
2. د. احمد نورى النعيمى، العلاقات التركية الروسية (فى الدراسة الصراع و التعاون)، دار زهران للنشر و التوزيع، عمان، 2011.
3. د.احمد عبدالعزيز محمود، تركيا فى القرن العشرين (دراسة جغرافية سياسية)، الطبعة الأولى، مطبعة روزهةلات، اربيل،2011.
4. تركيا و روسيا: تقارب الاقتصادى و تباعد السياسى، مركز الجزيرة للدراسات،2013.
5. تصعيد حرج: تداعيات اسقاط المقاتلة على العلاقات التركية – الروسية، مركز الجزيرة للدراسات ،2015.
6. تامر بدوى، تركيا و جييوبولتيك الطاقة: الخيارات المختملة بعد الازمة الاوكرانية، مركز الجزيرة للدراسات،2014.
7. جلال الورغى، الأزمة الروسية- التركية (محددات التاريخ و الجغرافيا و التطلعات لأدوار جديدة)، مركز الجزيرة للدراسات، 2015.
8. كارينا فازيولينا، المجتمع الموسلم فى روسيا المعاصرة يافع و عجوز معا، مركز الجزيرة للدراسات، 2013.
9. عماد يوسف، روسيا و تركيا: علاقات متطورة و طموحات متنافسية فى المنطقة العربية، مركز العربى للأبحاث و دراسة السياسات، قطر،2015
10. عماد يوسف قدورة، عضوية تركيا فى الحلف ناتو و متطلبات الاقصاء، مركز الجزيرة للدراسات،2014.
11. محمد يوستيش، روسيا و البحث عن النفوذ فى البلقان، ترجمة: كريم الماجرى، مركز الجزيرة للدراسات، 2015.
12. محمود سمير الرنتشى، الاعلاقات التركية – الروسية: مستقبل التعاون الاقتصادى و الخلاف السياسى، مركز الجزيرة للدراسات،2014.
13. معمر فيصل خولى، العلاقات التركية – الروسية (من ارث الماضى الى افاق المستقبل)، طبعة الاولى، مركز العربى للأبحاث و دراسة السياسات، بيروت،2014.
14. **محطات رئيسة في العلاقات الروسية–العثمانية والعلاقات الروسية-التركية، مركز الجزيرة للدراسات ،2015.**
15. **پوتین زانیاری نهێنی لەبارەی سەرچاوەی دارایی داعش ئاشکراکرد، پێگەی ئەلیکترۆنی:**

http://rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/161120153

16. **44ملیار دۆلار زیانی ئابوری خستنەخوارەوەی فڕۆکە روسییەکەیە، پێگەی ئەلیکترۆنی:**

http://sbeiy.com/Article-14224?k=16340

17. **ململانێی قەیسەر و سوڵتان: ئابووری بڕیار دەدات، پێگەی ئەلیکترۆنی:**

http://rudaw.net/sorani/middleeast/281120151

18. **ڕووسیا هەموو هاریکارییە سەربازییەکانی لەگەڵ سوپای تورکیا ڕاگرت، پێگەی ئەلیکترۆنی:**

http://lapere.net/index.php/jehan

19. ئاییندەی بازرگانی نێوان رووسیا و تورکیا؟، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://rudaw.net/sorani/business/261120151

20. "گەر بزانرایە فڕۆکەکە رووسیە، رووداویکی لەو شێوەیە رووی نەدەدا"، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://www.aa.com.tr/ks

21. ئەردۆغان : "داوای لێبوردن ئەو لایەنە دەبێ بیکات کە سنوورەکانی بەزاندووە"، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://www.aa.com.tr/ks

22. تورکیا، پردی پێکەوەبەستنی روسیاو ئەوروپا، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://www.knwe.org/Direje.aspx?Cor=6&Besh=Witar&Jimare=41535

23. راپۆرتێک لەبارەی زیانە ئابورییەکانی ناکۆکییەکەی نێوان روسیا و تورکیا، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://basnews.com/index.php/so/news/middle-east/245683?tmpl=component&print=1

24. تورکیا هۆشداری توند دەداتە روسیا پرسی سوریا گرژی دەخاتە نێوان پەیوەندییەکانی ئەنقەرەو مۆسکۆ، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://www.sharpress.net/Direje.aspx?Jimare=45834

25. ئەحمەد داودئۆغلو باس لەهۆکاری خستنەخوارەوەی فڕۆکە روسییەکە دەکات، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://www.sharpress.net/Direje.aspx?Jimare=51278

26. ورچە سپییەکان تورەن زیانی زیاتر لە 300 ملیۆن دۆلار بەر تورکیا کەوتوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://www.sharpress.net/Direje.aspx?Jimare=51246

27. یەکێتی ئەوروپا نێوەندگیری رووسیا و تورکیا دەکات، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://rudaw.net/sorani/world/2911201512

28. فلیپ بریدڵەڤ: تورکیا و ناتۆ نایانەوێت بکەونە پێکدادان لەگەڵ روسیا، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://www.gksat.tv/details.aspx?jimare=14171&cor=Eraq

29. رووسیا بۆ دژایەتی تورکیا پشتگیری پەکەکە دەکات؟، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://rudaw.net/sorani/kurdistan/2711201516

30. پوتین: تورکیا فڕۆکەکەی بۆ پارێزگاری بازرگانی نەوت لەگەڵ داعش خستەخوارەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://www.nrttv.com/Details.aspx?Jimare=22518

31. داود ئۆغڵۆ داوا لە ڕووسیا دەکات ئەو سزایانە هەڵبوەشێنێتەوە کە سەپاندوویەتی بەسەر تورکیایدا، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://www.nrttv.com/Details.aspx?Jimare=22514

32. ئەردۆغان؛ داوایی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکان لەگەڵ روسیا دەکات، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://www.sbeiy.com/Article-14287?k=81990

33. روسیا زانیاری گرنگ لەبارەی خستنەخوارەوەی فڕۆکەکەیان بڵاودەکەنەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://www.knnc.net/Drejey-hawal

34. بەرپرسانی ڕوسیا: دەبێت وەڵامی خێرای تورکیا بدرێتەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://www.knnc.net/Drejey-hawal.

35. دواین هەڵوێستی ئەردۆغان لەبارەی روسیاوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://www.knnc.net/Drejey-hawal.

36. 26بازرگانی تورك لە رووسیا دەستبەسەرکران، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://www.knnc.net/Drejey-hawal

37. کرملن: تا تورکیا داوای لێبوردن نەکات پۆتن کۆبوونەوە لەگەڵ ئەردۆغان ناکات، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://www.knnc.net/Drejey-hawal

38. وتەبێژی حکومەتی تورکیا: بمانزانیایە فڕۆکەکە ڕوسییە نەماندەخستە خوارەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://www.knnc.net/Drejey-hawal.

39. لەم چوار رێگەوە روسیا بە نیازە تۆڵە لە تورکیا بکاتەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://www.knnc.net/Drejey-hawal

40. ڕوسیا جگە لە خوێندکاری کورد هەموو خوێندکارانی تورکیا دیپۆرت دەکاتەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://www.knnc.net/Drejey-hawal

41. ناتۆ: بەهەموو جۆرە چەکێکی پێشکەوتوو پشتیوانی لە تورکیا دەکەین

http://rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/02122015

42. یەکەم هەنگاوی شەڕی ئابووری ڕووسیا دژی تورکیا دەستی پێکرد، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://www.rojnews.net/drejey-hewal.

43. ما هو حلف شمال الأطلسي؟ على الموقع الالكتروني:

http://www.nato.int/nato-welcome/index_ar.html

44. ملحق الترجمة العربية لاتفاقية حلف شمال الأطلسي ، على الموقع الالكتروني:

http://www.moqatel.com/openshare/Behoth/Monzmat3/NATO/mol03.doc_cvt.htm

45. مسارات التصعيد في العلاقات التركية- الروسية، مركز الأهرام للدراسات السياسية والإستراتيجية على الموقع الالكتروني:

http://www.rcssmideast.org/Article

46. الحرب الاقتصادية بين روسيا وتركيا، على الموقع الالكتروني:

http://www.boursa.info

47. أردوغان: بوتين يرفض الرد على اتصالي الهاتفي، على الموقع الالكتروني:

https://arabic.rt.com/news

48. بوتين يرسم العلاقة مع تركيا بعبارات عشر، على الموقع الالكتروني:

https://arabic.rt.com/news

49. تداعيات إسقاط المقاتلة الروسية، على الموقع الالكتروني:

http://www.skynewsarabia.com

50. موسكو تجمد مشروع الغاز الروسي إلى تركيا "السيل التركي، على الموقع الالكتروني:"

https://arabic.rt.com/news

51. اوباما يدعو تركيا وروسيا الى التركيز على "العدو المشترك" وهو "الدولة الاسلامية" واوغلو يرفض اتهامات روسيا بالاتجار بالنفط مع التنظيم، على الموقع الالكتروني:

http://www.raialyoum.com/?p=352162

52. الطائرة الروسية عبرت حدود تركيا لمدة 17 ثانية، على الموقع الالكتروني:

http://www.skynewsarabia.com/web/article

53. خط "ترك ستريم" أول إجراء روسي ضد تركيا بعد تهديد بوتين بأن "من يعتقد انتهاء الأمر بالبندورة وقيود على البناء فهو مخطئ" على الموقع الالكتروني:

http://arabic.cnn.com/business/2015/12/04

54. موسكو تكشف مسار المقاتلة التركية والقاذفة الروسية "سو 24" قبل إسقاطها، على الموقع الالكتروني:

https://arabic.rt.com/news

55. العلاقات التجارية بين روسيا وتركيا.. من التيز إلى مرحلة الخطر، على الموقع الالكتروني:

http://aawsat.com/home/article

56. بعد إسقاط طائرتها هل ترد روسيا عسكريًا على تركيا؟، على الموقع الالكتروني:

http://almesryoon.com

57. من الخاسر جراء عقوبات روسيا ضد تركيا؟، على الموقع الالكتروني:

http://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/2015/12/4

58. التدخل الروسي بسوريا.. فوائد اقتصادية ومخاطر، على الموقع الالكتروني:

http://www.aljazeera.net/news/ebusiness/2015/10/9

59. بوتين: ننتظر اعتذاراً من تركيا .. واردوغان: لن نعتذر، على الموقع الالكتروني:

http://alghadpress.com/ar/news

60. بوتين: إسقاط المقاتلة الروسية طعنة في الظهر من أعوان الإرهاب وستكون له عواقب وخيمة، على الموقع الالكتروني:

https://arabic.rt.com/news

61. موسكو تشترط اعتذارا تركيا للرد على اتصالات أردوغان، على الموقع الالكتروني:

http://www.skynewsarabia.com/web/article

62. لماذا رفض بوتين الرد على اتصال أردوغان؟، على الموقع الالكتروني:

https://arabic.rt.com/news

63. أردوغان يحذر روسيا من "اللعب بالنار"، على الموقع الالكتروني:

http://www.skynewsarabia.com/web/article

**64. بين بوتن وأردوغان.. خيانة وتحد ونفط داعش، على الموقع الالكتروني:**

http://www.skynewsarabia.com/web/article

**65. روسيا توقف العمل بنظام السفر بدون تأشيرة مع تركيا، على الموقع الالكتروني:**

http://www.skynewsarabia.com/web/article

**66. أردوغان يحذر روسيا من اللعب بالنار، على الموقع الالكتروني:**

http://www.turkpress.co/node/15681

**67. السلطات الروسية توقف رجال أعمال أتراك، على الموقع الالكتروني:**

http://www.turkpress.co/node/15656

**68. أردوغان: لسنا نحن من يجب عليه الاعتذار إنما الذين اخترقوا الأجواء التركية، على الموقع الالكتروني:**

http://www.turkpress.co/node/15652

**69. بوتين يطالب تركيا بالاعتذار، على الموقع الالكتروني:**

http://www.turkpress.co/node/15641

**70. أردوغان: نظام الأسد هو من يشتري النفط من "داعش" ، على الموقع الالكتروني:**

http://www.turkey-post.net/p-92214/

**71. خبراء عسكريون يؤكدون انتهاك الطائرة الروسية للأجواء التركية، على الموقع الالكتروني:**

http://www.turkey-post.net/p-91239/

**72. داود أوغلو: من ينتهك أجواءنا كائنا من كان سنرد عليه بنفس الطريقة، على الموقع الالكتروني:**

http://www.turkey-post.net/p-91258/

**73. ثلاثة شروط روسية لتجاوز الخلاف مع تركيا، على الموقع الالكتروني**

http://www.turkey-post.net/p-96777/

**74. أردوغان "حزين" لإسقاط الطائرة الروسية، على الموقع الالكتروني:**

http://www.skynewsarabia.com/web/article

**75. داود أوغلو: يدعو روسيا إلى تكثيف الجهود لمحاربة العدو المشترك، على الموقع الالكتروني:**

http://www.turkpress.co/node/15665

**76. أردوغان: إن أثبت بوتين صحة ادّعاءاته سأستقيل من منصبي، على الموقع الالكتروني:**

http://www.turkpress.co/node/15660

77. السلطات الروسية توقف رجال أعمال أتراك، على الموقع الالكتروني:

http://www.turkpress.co/node/15656

78. شاهد بالفيديو عبور شاحنات النفط الداعشي بدون عوائق من سوريا إلى تركيا، على الموقع الالكتروني:

https://arabic.rt.com/news

79. الدفاع الروسية: تركيا تقايض نفط "داعش" بالأسلحة، على الموقع الالكتروني:

https://arabic.rt.com/news

80. روسيا الخاسر الأكبر من تعليق مشروع الغاز مع تركيا، على الموقع الالكتروني:

http://www.alaraby.co.uk/economy/2015/11/27

81. هل تتحوّل الحرب الباردة بين روسيا وتركيا إلى حرب ساخنة في الدردنيل والبوسفور؟ على الموقع الالكتروني:

http://sdarabia.com/preview_news.php?id=38876&cat=7#.VmdWcNJ97IU

82. مدّ خط غاز روسي إلى جنوب أوروبا عبر تركيا، على الموقع الالكتروني:

http://www.aljazeera.net/news/ebusiness/2014/12/9

**83. Sorting Out What Russia and Turkey Say Happened in the Sky, The Site;**

http://www.nytimes.com/interactive/2015/11/24/world/middleeast/russia-turkey-jet-shoot-down-maps.html

**84. Russia and Turkey in war of words after releasing conflicting flight paths of destroyed jet, The Site;**

http://www.mirror.co.uk/news/world-news/russia-turkey-war-words-after-6894340

**85. Russia's Syria policy gains traction, The Site;**

http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2014/02/russia-syria-geneva-ii-opposition.html#

**86. Meet the Rebel Commander in Syria That Assad, Russia and the U.S. All Fear, The Site;**

http://www.wsj.com/news/articles/SB10001424052702303309504579181962177007316

87. **The Czar vs. the Sultan, The Site;**

http://foreignpolicy.com/2015/11/25/the-czar-vs-the-sultan-turkey-russia-putin-erdogan-syria-jet-shootdown/

**88. The Tsar Meets the Sultan, The Site;**

http://foreignpolicy.com/2014/12/04/the-tsar-meets-the-sultan-turkey-russia/

**89. CURRENT DYNAMICS OF RUSSIAN-TURKISH RELATIONS, The Site;**

http://www.turkey.mid.ru/eng/index.html

**90. About Rossiycko-Turkish Business Council, The Site;**

http://www.rtbc.ru/